https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.03

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی سیاسیی هەژار موکریانی ١٩٣٩- ١٩٥٨

د. ڕسوڵ محمد رسوڵ حمد

زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب

rasoul.rasoul@soran.edu.iq

همزه احمد عبدالله

زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب

hamzaahmed770@gmail.com

**پوختە:**

(عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار موکریانی ۱۹۲۱-۱۹۹۱) یەکێک لە کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیرە دیارەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە سەدەی ڕابردوو، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدیارکەوت، کە ڕۆڵی بەرچاو و دیاری لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەبووە، لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا ئەندامی دیاری کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی بووە وەک، حزبی ئازادیخوازی کوردستان ۱۹۳۹، کۆمەڵەی ژێکاف ۱۹٤۲، لە ساڵی ۱۹٤٦، نوێنەری (قازی موحەمەد) بووە بۆ دانوساندن لەگەڵ ئێران، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە کۆتایی ساڵی ۱۹٤٦ ئاوارەی باشووری کوردستان و عێراق بووە، سەرەڕای ئاستەنگەکان، لە ساڵی ۱۹۵۳، بەشداری لە ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهان، لە ڕۆمانیا کردووە، بەهۆی فشاری پۆلیسی عێراقی ڕاودووی ڕۆژئاوای کوردستان نراوە، لەوێش ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، لە وشیاریی نەتەوەیی و دروستبوونی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ۱۹۵۸، گەڕاوەتەوە عێراق و لە پاڵ پارتی درێژەی بە خەبات داوە، لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ۱۹۷۵، گەڕاوەتەوە ئێران و لە ۲۰ی شوباتی ۱۹۹۱، لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچی دوایی کردووە.

**وشە کلیلیەکان** (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار موکریانی، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، کۆماری کوردستان، قازی موحەمەد، زەبیحی، خەباتی سیاسی).

## ڕۆڵی سیاسیی هەژار موکریانی ١٩٣٩- ١٩٥٨

### پێشەکی:

عەبدولڕەحمان شەڕەفکەندی ناسراوە بە هەژار موکریانی ١٩٢١-١٩٩١، یەکێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیر و ڕوناکبیرانی کورد، کە بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران، دانیان بە مافەکانی گەلی کورد نەناوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتە پەکتاوییە نەتەوەییە لە سەدەی بیستەم، بەشداری کارای کردووە. یەکێک بووە، لەو کەسانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداری لە ڕاپەڕین و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکاندا کردووە، دوای لەناوچوونی کۆماری کوردستان، وازی لە ئامانجی خۆی نەهێنا، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ کوردستانی بڕیوە، هاتۆتە باشووری کوردستان، سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە لە عێراق، درێژەی بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و وشیاریی نەتەوەیی داوە. بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی، لە ساڵی ١٩٥٦، لەژێر فشاری پۆلیسی نهێنیی پاشایەتی عێراق، ڕاوەدونراوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ جارێکی تر گەڕاوەتەوە، عێراق و لە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەی بەخەبات داوە.

لەم توێژینەوەیەدا بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و وردبوونەوە لە سەرچاوەکان و خستنەڕووی زانیارییەکان، تیشک خراوەتە سەر چالاکییە سیاسیەکانی و دەمانەوێت لەم چوارچێوەیدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستیی باوەڕپێکراو بابەتەکان بخەینەڕوو. لێکۆڵینەوە لە ژیان و کەسایەتی و بەرهەمەکانی هەژار موکریانی، تا ئێستا وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، وێڕای ئەو خزمەتە زۆرەی بە گەلەکەی کردووە،

بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی ئاگادار و ئاشنانین پێی، بۆیە بە پێویستیمان زانی، ئەم توێژینەوە پیشکەش بکەین.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا بە وردی باس لە ژیان و کەسایەتیی هەژار موکریانی کراوە، لەگەڵ خوێندنی لە حوجرە، خانەقا و شوێنە ئاینییەکان، سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری، تیشکی خراوەتە سەر. هەرچی تەوەرەی دووەمە، بە تێروتەسەلی باس لە ڕۆڵی ئەو لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان و کۆماری کوردستان کراوە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا شەنوکەوی خەبات و چالاکییە سیاسییەکانی، لە عێراق، باشوور، ڕۆژئاوای کوردستان و ئەورووپا کراوە.

## تەوەرەی یەکەم:

## ژیانی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی – هەژار موکریانی، سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری:

### ١: لە دایکبوون و پێگەیشتنی

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی[١] کوڕی موحەمەد کوڕی مستەفا ناسراوە بە هەژار[٢] موکریانی[٣] لە شۆڕشی ئەیلول، لەبەر وتە خۆشەکانی، بە مام هەژار ناویان بردووە (کاکەیی، ٢٠١٥: ٢٠) بە مامۆستا هەژاریش ناسراوە، ئەمەش بۆ چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی دەگەڕێتەوە (بەدرخان، ٢٠١٤: ١٩٣). هەژار موکریانی لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی – ١٩٢١ زاینی، لە گەڕەکی سەرخڕێ لە شارۆچکەی مەهاباد-(سابڵاغ)[٤] (هەژار، ٢٠٠١: ١٩٩)، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە (عوسمان، ٢٠١٩: ٢٢٩). باوکی ناسراوە بە (مەلا موحەمەدە بۆرە)، کەسێکی ڕۆشنبیر بووە (هەژار، ٢٠١٨: ١١-١٣)، لە بنەماڵەی (حەسەن

خاڵییه)، که ئەمەش بۆ ناوی تیرەکەیانە لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە (قزڵجی، ١٩٤٦: ٢)، یەکێک لە براکانی هەژار بە ناوی (سادق) [٥]، لە دواڕۆژدا بووبە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (شەرەفی، ٢٠٠٦: ١١١- ١١٦، مێهفەر ٢٠١١: ٣٢٨ ).

## ٢: خوێندنی لە حوجرەکان

سەرەتا هەژار لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، دوای دوو ساڵ خوێندنی ئاینی (کوردستانی، ٢٠١٨: ٤٣، گەرمیانی، ٢٠٠٣: ٤)، قورئانی پیرۆزی خوێندووە تاوەکو خەتمی بکات (عەبدولفەتاح، ٢٠١٨: ٢٨٦، ئەسپیندارەیی، ١٩٩٨: ٦) ، بەڵام ئاستی تیگەیشتنی لاواز بووە (ئامێدیان، ١٣٩١- ٢٠١٢: ٤٠٣)، لە ساڵی ١٩٢٧، باوکی بردوویەتی بۆ لای (مەلا ڕەحمان)، (زادە، ٢٠٢١: ١٩، موکریانی، ٢٠١٢: ١٠٩)، لە سوختەکان بەردەوام بووە، تا ساڵی ١٩٣٨، باوکی کۆچی دوایی کردووە، بەمەش دەستی، لە خوێندن هەڵگرتووە (هێور، ٢٠٠٠: ٥، مرادی، ١٣٨٥- ٢٠٠٦: ١٣-١٤)، وەک خۆی لە پێشەکیی پەرتووکی (قانونی ئیبن سینا) نوسیوویەتی، بەهۆی خراپیی باری ئابووری، لە قوتابخانەی نەخوێندووە (سینا، ١٣٨٩- ٢٠١٠: ٧) بەهۆی ئەوەی فەقێ بووە، تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی خوێندەوار بووە، پشتی بە توانەکانی خۆی بەستووە، تاڵی و سوێرەکانی ژیان، فێری زۆر شتیان کردووە، کە لە وێستگە جیاوازەکانی داهاتووی تەمەنی، سوودی لێوەرگرتووە.

دوای ئەوەی ماڵیان گواستۆتەوە بۆ گوندی تەڕەغەی نزیک بۆکان (ئامێدیان، ١٣٩١- ٢٠١٢: ٤٠٤) ئەرکی سەرپەرشتیکردنی خوشک و براکانی کەوتە سەرشانی، و دەستی کردووە بە بازرگانی (شلماشی،٢٠١٧: ١٠٤، عەلی، ٢٠٠٩: ١١)، پاشان لە ساڵی ١٩٤٢، ماڵی دەگوازێتەوە، بۆ شارۆچکەی بۆکان و هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (مەعسوم کچی کاحەمەدی) کردووە، بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەی، چوار

کوڕە  بە ناوەکانی موحەمەد (شێرکۆ)، مستەفا (ئاگری)، زاگرۆس و خانی (زادە، ٢٠٢١: ٢٠- ٢٨، ئەحمەدی، ١٣٧٠- ١٩٩١: ٤).

### ٣: ئاوارەبوونی بۆ باشووری کوردستان

لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ هاتووە بۆ باشووری کوردستان (سامان، ٢٠١٧، ١٧) چۆتە گوندی سیتەکی سەربە شاری سلێمانی، بۆ ماڵی (لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفید)، ناسنامەی عێراقی بۆ هەژار، بە ناوی (عەزیز قادر) وەرگرتووە (ساڵح،٢٠٠٧: ٩٥-٩٦، کەریم، ٢٠٠١: ٣٩). بە دابینکردنی ئەم  ناسنامەش تاڕادەیەک مەترسیی دەستگیرکردنی، لەلایەن پۆلیسی پاشایەتیی عێراق کەمبۆتەوە، وەک پەردەپۆشیەک بەکاریهێناوە، بۆ ئەوەی جموجۆڵ و هاتوچۆکانی لە عێراق و باشووری کوردستان ئەنجامداوە.

دواتر ئەم ناوەی (عەزیز) گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، دوای گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) لە یەکێتیی سۆڤیەت، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨، ناوی گۆڕیوە بە (عەبدولڕحمان موحەمەد)، (هەژار، ٢٠١٨: ٢٦١- ٢٦٢). لە نیسانی ١٩٤٧، ڕۆیشتووە بۆ شاری بەغدا، لەگەڵ هاوڕێکەی (حەسەن قزڵجی) بۆ بژێویی ژیان کاری قورسیان کردووە، (حەکیم زادە، ٢٠٢١: ٢١، قزڵجی، ٢٠١٧: ٤٣٦)، لە تەکیەی گەیلانی ماوەتەوە، بەهۆی ئەم کارە زۆرەوە، هێزی لەدەستداوە، گومان دەکرێت، بەو هۆیەوە تووشی نەخۆشیی سیل بووبێ، بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوانە (کاکە زیادی) کۆیە[٦] هاوکارییان کردووە، هەروەها (عەلی حەیدەر سلێمان)[٧] وەزیری تەندروستیی حکومەتی عێراق پاسەپۆرتی بۆ دابینکردووە (ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ٨٨-٩٢، کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٧٩- ٢٨٠)، لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨ ڕەوانەی نەخۆشخانەی تایبەت لە بەحەننەس – لە لوبنان کراوە دوای چارەسەری پزیشیکی، مانەوەی نزیکەی دوو ساڵ، لە تشرینی دووەمی١٩٥٠، بە

ڕێگای دیمەشق گەڕاوەتەوە بەغدا (تۆڤی، ٢٠٠٥: ٥٤، یاسین، ٢٠١٣: ١٥) و دەستی کردووە بە کاری وێنەگری لە بەغدا و کەرکوک، پاش دابڕانی و دووریی زیاتر لە هەشت ساڵ، (مەعسومە)ی هاوسەری و کوڕە بچوکەکەی (شێرکۆ)، کە لە مەهاباد بەجێمابوون، لە ساڵی ١٩٥٤، هەژار لە بەغدا لەگەڵ خانەوادەکەی چاویان بەیەکتر کەوتەوە (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٣: ٥٣، ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ١١٣-١١٤)، بەهۆی فشاری حکومەتی عێراقی، لە ساڵی ١٩٥٦، بە ناچاری ڕۆیشتووە، بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و لە گوندی ترپەسپی لەماڵی (حەسەنی حاجی ئاغا هڤیرکی)[١٤] گیرساوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٨ جاریکی تر هەژار گەڕاوەتەوە بەغدا (ئەحمەد، ٢٠٢١: ٩٤، خانێ، ٢٠١٤: ١٤) لە (شەقامی الکفاح) دوکانی وێنەگری دانەوەتەوە، لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە ئێران و لە شارۆچکەی کەرج نیشتەجێبووە (کاکەیی، ٢٠١١: ٢٦، حیسامی، ٢٠١٨: ٤٥٣)، بەهۆی نەخۆشی لە ٢١ی شوباتی١٩٩١ لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچی دوایی کردووە، لە ٢٢ی هەمان مانگ تەرمەکەی گوازراوەتەوە بۆ مەهاباد و بەخاکسپێردراوە (حەکیم زادە، ٢٠٢١: ٢٣-٢٤، گورژی، ١٣٧٩- ٢٠٠٠: ٤٢).

## ٤: سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری

کاتێک (مەلا خەلیل ١٨٨١-١٩٥٦) لە ساڵی ١٩٢٧ کە لە دژی ئێران، ڕاپەڕینی کردووە، ئەوکات هەژار تەمەنی بچووک بووە، باوکی هەڵوێستی (مەلا خەلیل)ی بۆ ڕوونکردۆتەوە، کە داوای مافەکانی گەلی کورد دەکات، بەرگری لە وڵات دەکات و دژی دەسەڵاتدارانی ئێران شەڕدەکات، ئەمە بەسەرەتای دروستبوون و ڕوانی چەکەرەی نەتەوەیی لە ناخی هەژار دادەنرێت (گەرمیانی، ٢٠٠٣: ٤)، و بەهۆی ئەوەی (مەلا موحەمەدە بۆرە ١٨٧٣- ١٩٣٨)ی باوکی هەژار جگە لەلایەنی ئاینی کەسێکی نیشتیمانپەروەر و هەڵگری زانیاری و ڕووداوە مێژووییەکان بوو، ئەمەش

هۆکارێکی بنەڕەتی بووە، بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر هەژاری جگەرگۆشەی هەبێت (عەلی، ٢٠٠٩: ١١)، باوکی زانا و خاوەن ئەزموون بوو، شانازی بە نەتەوەکەی خۆی دەکرد، بە ئومێدی ئەوە بوو، کورد ببێتە خاوەن کیان، و لەژێر ڕۆشنایی خۆی، کۆرپەکەی پەروەردە کردووە (موکریانی، ١٣٧٠- ١٩٩١: ٢٩)، هەروەها باوکی هەژار زوڵم و ستەمی، دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکی عوسمانی بینیوە، بۆیە دژیان وەستاوەتەوە، چەند ساڵێک ئاوارەی باکووری کوردستان بووە، ئاگادار بووە کە چۆن گەلی کورد، دەچەوسێننەوە و ئەم بەسەرهاتانەی بۆ هەژار گێڕاوەتەوە و گیانی بەگری تێدا چاندووە (وریا، ٢٠٠٥: ٥٤-٥٥)، هەروەها ئەوکاتەی باوکی دووکانی لە سابڵاغ هەبووە، باس و گفتوگۆی سیاسی تێدا کراوە، کە پێویستە کورد ئازادبێت و دەوڵەتی خۆی هەبێت، هەژاریش بیری کردۆتەوە کە ئەو گەلە خەبات و تێکۆشانی پێویستە (موکریانی، ٢٠١٢: ١٦). لەلایەکی ترەوە لە ساڵی ١٩٣٤ حکومەت بڕیاریداوە، دەبێ هەموو کەس کڵاوی پەهلەوی لەسەرنێ و پۆشینی میزەر و جل و بەرگی کوردی قەدەغەکرابوو (خەیاڵی، ٢٠١٩: ٨٣) باوکی بەو بڕیارەی حکومەت پابەندنەبووە، بۆیە ماوەی چەند مانگێک لە خانەقای شێخی بورهان ماوەتەوە و پاشان گەڕاونەتەوە گوندی تەڕەغە (هەژار، ٢٠١٨: ٢٢) ئەمەش هێندەی تر کاریگەریی لەسەر هەژار داناوە.

ئەم بیرۆکانەش هاندەر بوون، بۆ ئەوەی هەژار بۆی ڕوونبێتەوە کە کوردستان داگیر و پارچەپارچە کراوە، لە نێوان گەلانی ئێران، تورک و عەرەب. سامانی بەتاڵان براوە، ئەمەش بەشێکی بە پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز بووە (هەژار، ٢٠٠١: ١٨)، هەروەها هۆکارێکی تر کاریگەری لەسەر هەژار هەبووە، ئەویش لە خانەقا و حوجرەکانی ناوچەی موکریانی پەروەردە بووە، چونکە ناوەندێک بوون بۆ پێگەیاندنی هەستی نەتەوەیی و کەسانی نیشتیمانپەروەر، بۆیە بناغەی دامەزراندنی کەسایەتیی ئەو لەوێیەوە دەستپێدەکات و پێدەگات، کە پاشان بڕوابەخۆبوون و خاوەن

هەڵوێستی بەدوادێت (ئەحمەدیان، ٢٠١١: ١٤٢-١٤٤) و کۆمەڵێک لە مامۆستایانی ئاینی خاوەن بیرۆکەی شۆڕشگێڕی بوون، ڕۆڵی بەرچاویان لە پەروەردەکردنی کەسایەتییە دیارەکان گێڕاوە، بەشێک لە سەرکردەکان لەژێر ڕێنمایی ئەواندا پەروەردەبوون، یەک لەوانە هەژار بووە، نموونەی ئەمانە (مەلا ئەحمەدی فەوزی) [٨] کە کاریگەریی زۆری هەبووە، لەسەر هەژار، (هێمن) و (قازی محمد)ی نیشتیمانپەروەرانی تر، (فەوزی) کە مەلای گوندی کولیجەی دەوروبەری سابڵاغ بوو، یەکێک بووە لەوانەی بەرەنگاری پیلانەکانی (ڕەزا شا) بووەتەوە (حەبیب، ٢٠٠٨: ٣٠- ٣٢)، نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیرێکی دیار بوو، ڕۆڵی گێڕاوە لە جوڵانەوەی سیاسی و وانەی هەستی نەتەوەیی بە قوتابییەکانی گوتۆتەوە (بورزوویی،٢٠٠٥: ٣٦٠-٣٦١)، کاریگەریی هەستی نەتەوەیی، لەسەریان هەبووە، یەک لەوانە هەژارە، دوای وازهێنانی لە خوێندن (هەژار، ٢٠١٨: ٣٥)، دیارە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی باشی هەبووە.

لە سەردەمی (ڕەزا شا١٨٩٠- ١٩٤٤)دا دەسەڵاتی ناوەندی ڕەها لە تاران پەیڕەودەکرا، پرۆگرامی خوێندنیش، لەوێوە دەردەچوو، هەموو کوردێک ناچاربوو، بە زمانی فارسی بخوێنێت، بۆیە سەرەتا گرنگییان بە فێربوونی زمانی کوردی دەدا، یەکێک لەوانە هەژار بوو (ئامێدیان، ٢٠١٢: ٤٠٥). لەلایەکی ترەوە، بەهۆی بێپلانیی حکومەتی ئێران، لە ڕووی ئابوورییەوە ڕەوشی کوردستان خراپ بوو، ئەمەش هۆکاریکی تر بووە، کاریگەریی خۆی لەسەر هەژار دروستکردووە (هەژار. ٢٠١٨: ٤٩) هەروەها سەپاندن و لێسەندنی باجی بەزۆر لەلایەن کاربەدەستانی ئێران، لە کۆمەڵگای کوردستان، هەژار چەندین جار، بە تایبەت ئەو کاتەی ماڵی لە گوندی تەڕغە بووە، بەگژیانداچۆتەوە و تووشی شەڕ و کێشەبووە (وریا، ٢٠٠٥: ٥٥-٥٦).

لەلایەکی ترەوە، بەهۆی ئەوەی شای ئێران لە سەرەتای ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە، لایەنگیری بەرەی ناوەڕاست و ڕێگەیدا چەند یەکەیەکی سەربازیی نازیی ئەڵمانییەکانی بهێننە وڵاتەکە، ئەوەش بووە هۆی تووڕەبوونی هەریەک لە دەوڵەتەکانی سۆڤیەت و بەریتانیا، بە مەبەستی داگیرکردنی ئێران سۆڤیەت لە باکوورەوە و بەریتانیا لە کەنداوی فارسەوە، لە ساڵی ١٩٤١ لە داگیرکردنی ئێران سەرکەوتووبوون، کە دەمێک بوو، ببووە جێگای چاوتێبڕینیان (قاسملو، ٢٠٠٠: ٢٥)، بەوهۆیەوە هێزەکانی ئێران، لە ناوچەی موکریان پاشەکشەیان کرد و کەشوهەوایەکی ئازاد لەو ناوچەیە ڕەخسا، ڕۆشنبیر و سیاسییەکان، دەستیانکرد بە جموجۆڵ و چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری (ئەیوبزادە، ٢٠١٤: ٧٥-٧٦)، ئەم ئازادییەش فاکتەرێکی تربوو، کە هانی هەژاری دا هەستی نەتەوەیی لەلا بەهێزتر بێت.

هەروەها ناوچەی موکریان، مەڵبەندی نیشتیمان پەروەران و کەسانی سیاسی، ڕۆشنبیر و زانایانی کورد بووە (عەلی یار، ٢٠١١: ٨١-٨٢) بۆیە هەژاریش لەم ژینگەیە پەروەردە بووە، کاریگەریی دەوروبەری لەسەر هەبووە، کە بیر لە نەتەوەکەی بکاتەوە، لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆییدا خەبات بکات.

فشار و چەوسانەوەی، زۆری حکومەتی ئێران، بۆ سەر گەلی کورد تا دەهات زیاتر دەبوو، وای لە هەژار کرد، کە هەر لە سەرەتای گەنجییەوە، بەرپەرچی ئەم سیاسەتە بداتەوە و دەستیکرد بە چالاکیی سیاسی (عەسکەری، ٢٠١١: ١٦١)، بۆیە هەڵوێست و زۆربەی شیعرەکانیشی، بۆ خزمەتکردنی ئەم سیاسەتەدا تەرخانکردووە، کە ئەوەش بووە هۆی پێشخستنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان (ناکام، ١٩٩٧: ٢).

## تەوەرەی دووەم: چالاکییە سیاسییەکانی هەژار موکریانی

بەهۆی ئەوەی هەژار لە زۆربەی ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی، هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە، وەکو کەسایەتییەکی دیار بەشداری کردووە، جێ پەنجەی لە زۆربەی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانی گەورەدا دیارە، بە جۆرێک کە لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، دەستیپێکرد، دواتر بەرە و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، درێژەی بە خەباتی سیاسی، ڕۆشنبیری و پێشمەرگایەتی داوە، وەک یەکێک لە نووسەرە ناودارەکان، ئاماژەی پێدەدات کە لە "تێکۆشین و کاری سیاسیشدا ئەو بووە موڵکی مێژوو" (ڕەسوڵ، ٢٠٠٥: ١٧٥).

### یەکەم: ڕاپەڕینەکەی (حەمە ڕەشید خانی بانە ١٨٩٨-١٩٧٤) [٩]

ئەمانەی سەرەوە، کۆمەڵیک فاکتەر بوون، هەژاریان بە بیری کوردایەتی گۆشکرد، بووە هۆی ئەوەی لە ڕاپەڕینەکەی (حەمە ڕەشید خانی بانە) دژی (شا)ی ئێران (عبدالرحمن، ١٩٨١: ٨٣٥)، لە شارۆچکەی سەقز بەشداریبکات، هەژار لەگەڵ (سەید کامل)، کە کەسێکی نزیکی (حەمە ڕەشید خان) بووە، لە بارەگایەک بەیەکەوە ئیش و کارەکانی ڕۆژانەی خەڵکیان ڕاپەڕاندووە، ماوەی دوو مانگ لەوێ ماوەتەوە (هەژار، ٢٠١٨: ٥٩-٦٠)، ماوەی بزوتنەوەکەی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٣٩، لەو ناوچەیە پەرەی سەندبوو، بەڵام دواتر کە بەئاکامنەگەیشت، لە کۆتاییدا (حەمە ڕەشید خان)، بەرەو باشووری کوردستان ئاوارە بوو (هەڕوتی، ٢٠٠٧: ١١٦)، بزوتنەوەکە بە شێوەی پچڕپچڕ بووە، لە ساڵی ١٩٣٠ لەسەر داوای ئێران حکومەتی عێراق دەستگیریکردووە، لە تەموزی ١٩٣٢ ئازادیکردووە، و دەستی بە جموجۆڵ کردۆتەوە، جارێکی تر لە نیسانی ١٩٣٦ حکومەتی عێراق دەستگیری کرۆتەوە و لە ٢٢ی ئابی ١٩٣٧ زیندانی سلێمانی شکاندووە و ڕایکردووە، لە ١٣ی ئەیلولی ١٩٤١ دەستی

بەسەر شاری سەقزدا گرتووە و لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ حکومەتی ئێران شارەکەی داگیرکرۆتەوە، دوای چەند ڕۆژێک لەهەمان مانگدا جارێکی تر هێزەکانی (حەمەڕەشید خان) شارەکەیان ئازادکردۆتەوە، لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٢ دەسەڵاتدارانی ئێران داگیریانکردۆتەوە، بۆ سێیەم جار لە هێرشی پێچەوانە لە ٣ی شوباتی هەمان ساڵ جارێکی تر سەقز کەوتۆتەوە دەست (حەمەڕەشید خان)، لە ١٠ی ئاداری ١٩٤٣ حکومەتی ناوەندی دەستی بەسەر سەقزدا گرتووە (ئەنوەر، ٢٠٠١: ٥٠-٩٧).

## دووەم: بەشداری لە حزبی ئازادیخوازی کوردستان

وەک بەگژداچوونەوەیەک، بە سیاسەتی سەرکوتکردن و زوڵم و ستەمی (ڕەزا شا) لە ساڵی ١٩٣٩ لەلایەن کۆمەڵێک ڕوناکبیر و کەسایەتیی سیاسی، حزبی ئازادیخوازی کوردستان، بە شێوەی نهێنی دامەزرا (کەریم، ٢٠١٣: ٢٣٢)، ڕای جیاواز لەبارەی سەرەتای دامەزراندنی هەیە و بە ساڵی ١٩٣٨ دادەنێن (گەوهەری، ٢٠١٧: ٥٤). ئەم حیزبە لە شارۆچکەی سابڵاغ لەلایەن (عەزیز زەندی) ناسراو بە (عەزیز ئەڵمانی) دامەزرا، چەند ئەندامێکی هەبووە، لەوانە هەژار و (زەبیحی)، بەڵام چالاکیی ئەم حزبە سنووردار بووە (هەژار، ٢٠١٨: ٥١)، هەستکردن بە زوڵم و زۆریی دەسەڵاتداران و دڵسۆزی بۆ گەل و نەتەوەکەی، وای لە هەژار کردووە، بەگژ سیاسەتی (ڕەزا شا)دا بچێتەوە و بەشداری لە ڕاپەڕین و ڕێکخراوی سیاسیدا بکات.

لە لایەکی تر، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بە تایبەت لە ساڵی ١٩٤١، هاوپەیمانی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و بەریتانیا، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان دژی نازییەکان لە باکوور و باشوورەوە، هێرشی سەربازییان کردە سەر وڵاتی ئێران، ئەڵمانی و ئیتاڵییەکانیان، لەو وڵاتە دەرکرد، بەمەش ئێران بەسەر سێ ناوچە دابەشکرا (ئەحمەد و مراد،

٢٠١١: ١٩٤-١٩٥) و هێزی ئاسمانیی سۆڤیەت، بەیاننامەیان بە زمانی کوردی، لە ناوچەی موکریان بڵاوکردەوە (حەبیب، ٢٠٠٨: ٤١-٤٢).

## سێیەم: بەشداری لە دروستکردنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ژێکاف

وەک ئاماژەی پێدرا، لە ئەنجامی دروستبوونی بارودۆخێکی تا ڕادەیەک لەبار و بوونی چەند چالاکوانێکی سیاسی و ڕۆشنبیری لە ناوچەی موکریان، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و دامەزراندنی کیانێک بۆ گەلی کورد بۆ ئەو ناوچەیە، بۆ سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە، کۆمەڵێک لە کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیری، لە ١٦ی ئابی١٩٤٢ هەڵستان بە دامەزراندنی  کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ژێکاف (سەعید، ٢٠٠٦: ٦٨)، کە درێژکراوەی حزبی ئازادیخوازی کوردستانە، لەسەر دار و پەردووی ئەو دامەزراوە و ناوەکەیان گۆڕیوە (گەوهەری، ٢٠٠٤: ٢٧)، بە چەند ناوێکی  تریش هاتووە، لەوانە کۆمەڵەی ژێکاف: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (فەلاح، ١٣٨١- ٢٠٠٢: ٤٥-٤٦)، یاخود ژ. ک - ژیانی کورد (قازی، ٢٠٠٩: ١٢٤)، (لێرە بەدواوە، ژێکاف بەکاردێنین) کە لە لایەن چەند کەسایەتییەکی سیاسەتمەدار و نیشتیمانپەروەرێک دامەزرا (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٤٧)، سەبارەت بە ناو و ژمارەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە، بیروڕای جیاواز هەیە، تا ئێستا بە تەواوەتی ڕوون نییە و ساغنەبۆتەوە (حیسامی، ٢٠٠٤: ٦٧). لە چەند سەرچاوەیەکدا هاتووە، کە هەژاریش یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ژێکاف (بوروزوویی، ٢٠٠٥: ٣٦٣) هەروەها لە سەرچاوەیەکی تری جیاوازدا هاتووە، کە بەشداریکردووە، لە یەکەمین کۆبوونەوەی پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە، لە (باغی حاجی داودی) لە سابڵاغ (قازی، ٢٠١٢: ١٢٥-١٢٦)، هەرچەندە هەژار، خۆی لە یاداشتەکانیدا، ئاماژەی پێنەکردووە، کە بەشداری کردبێت، لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، توێژەریش هەر پێیوایە، لە یەکەم کۆبوونەوە

بەشدار نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەندامە لەپێشنیەکانی ژێکافە، هەم بە هۆی کەسایەتی و ئەو پێگەیەی کە هەیبووە، هەمیش کە لە ڕابردوودا لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر، بەشداری هەبووە، هەروەها ناوی نهینی و ژمارەکەی ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ئەندامە دیار و لەپێشنیەکان بووە.

هەژار بە ناوی نەهێنی ع. هەژار و ژمارە ٢٠ بووە (عەبدوڵلاهی، ٢٠٠٨: ٢٣٦)، واتە بەپێی ڕیزبەندی بیستەمین کەس بووە، بۆتە ئەندامی ژێکاف، بۆیە لە ئەندامە لەپێشینەیەکانە. ئەمەش دوای سوێندخواردنی بە قورئان و ئاڵای کوردستان، نە بەقسە و نە بەکردەوە خیانەت لە کورد نەکات (شاپەسندی، ٢٠٠٧: ٢٤)، لەم بارەیەوە (هێمن موکریانی) کاتێ لە ساڵی ١٩٤٢، بۆتە ئەندامی ژێکاف ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە "ناوی نەهێنیی حیزبیم هێمن بوو، بە ژمارەی ئەندامیەتی ٥٥، ئەمن حەقم نەبوو، هیچ لەوان بپرسم، بەڵام ئەوان ئەوەندەیان متمانە بەمن هەبوو، پێم بڵێن هەژاریش ئەندامی کۆمەڵەیە و خۆت لەکن ئەو مەشارەوە"(حەبیب، ٢٠٠٨: ٤٦). ئەمەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، کە هەژار لە ساڵی ١٩٤٢ ئەندامی کۆمەڵە بووە.

لە شوێنێکی تر، لە ساڵی ١٩٤٤، هەژار بۆتە ئەندامی ژێکاف و لە ساڵی ١٩٤٣، بەشداریکردووە، لە پەیمانی سێ سنوور (حەکیم زادە،٢٠٢١: ٢٠)، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بدرێت، کە سەرەتا ناوبراو دەبێتە ئەندام و پاشان لە پەیمانەکە بەشداری دەکات، بەڵام ئەو بەپێچەوانەوە ئەمەی یاداشتکردووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە: بەپێی ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی، ناویان هاتووە، ئەندامێتیی هەژار هەر لە ساڵی ١٩٤٢ بووە. پەیمانی سێ سنوور لە ساڵی ١٩٤٤ بووە.

لە سەرچاوەی تری جیاواز ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە هەژار لە ساڵی ١٩٤٣، بۆتە ئەندامی ژێکاف (مەولود، ١٩٩٣: ٩). هەژار یەکێک بوو، لە

ئەندامە چالاک و هەڵسووڕێنەرە دیارەکانی ژێکاف (شارەزا، ٢٠٠٦: ٨) و یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی کە پێی سپێردراوە، هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو کەسانە کردووە، کە بوونەتە پاڵێورا و ئەندامی کۆمەڵەکە، و چەندین کەسی کردۆتە ئەندام، یەک لەوانە (عەبدولقادر دەباغی) بووە، کە خۆی بابەتەکە دەگێڕێتەوە لە ساڵی ١٩٤٣ بۆتە ئەندام (کەریمی، ٢٠٠٥: ٤٠١)، هەروەها بەهۆی ئەو متمانە زۆرەی پێیان بووە، لەسەر ئاستی باڵا، بەپێی ئەم چالاکییەی خوارەوە پێدەچێت، لەو سەردەمەدا، وەک کەسی سێیەم لە کۆمەڵەکە هەژمار کرابێت.

هەژار یەکێک لە نوێنەرانی ژێکاف بووە، بەشداری لە پەیمانی سێ سنووری مێژوویی کردووە (وریا، ٢٠٠٥: ٥٧)، هەرچەندە بە ڕای چەند سەرچاوەیەک، لەوانە (ئیبراهیم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠)، پێیوایە ئەمە هەر نەبووە (کەریمی، ٢٠٠٥: ١٠٩- ٢٧٤ - ٢٧٥)، هەندێک سەرچاوەی تر باس لە بوونی ئەم پەیمانە دەکەن، بەڵام ناوی هەژار ناهێنن (شاپەسندی،٢٠٠٧: ٢٦-٢٧)، لە مانگی ئابی ١٩٤٤، هەژار یەکێک بووە، لەو سێ کەسەی لە شاندی کۆمەڵەی ژێکاف، لەگەڵ هەریەک لە (عەبدوڕەحمانی زەبیحی) و (قاسمی قادری قازی)، بۆ دانوساندن لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوای باشووری کوردستان، لە نزیک گوندی دزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماڵی (شێخ عوبەیدوڵڵا)ی زینوێی، کە ئەوکات لەوێ بووە کۆبوونەتەوە (گەوهەری، ٢٠٠٤: ٦٤)، نوێنەرانی حیزبی هیوا، (شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ)، (سەید عەزیزی شەمزینی) و (موحەمەد سەعید عەلی یوسف) ناسراو بە (سەعید کانی مارانی) (سەرداری، ٢٠١٠: ٢)، ئامانج لەم کۆبوونەوەیە، ئاڵوگۆڕی زانیاری بووە و بەرەیەکی نەتەوەییان داڕشتووە (عەبدوڵلاهی، ٢٠٠٨: ١٨١-١٨٢)، ئەو شوێنەی کۆبوونەوەکەی لێ ئەنجامدراوە، دامێنی چیای داڵانپەڕ بووە، هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای، هاوسنووری نێوان سێ وڵاتی، ئێران، تورکیا و عێراق، بۆیە ناویان ناوە پەیمانی سێ سنوور، هەژار گلەیی کردووە کە ناوی ئەویان لەم

کۆبوونەوەیە فرێداوە، هەربۆیە گوتوویەتی"هومێدەوارم ئەم گۆڕانی ڕاستییە، لە ڕووی هیچ غەرەزێکەوە نەبووبێ و هەڵەیەک بێ لە دڵپاکییەوە ڕووی دابێ" (هەژار، ٢٠١٨: ٥٨)، بە پشتبەستن بە گۆڤاری نیشتیمان زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف، ژمارە" ٩ ی ساڵی ١٩٤٤، بابەتێک لە ژێر ناوی (لە ناو کۆمەڵەدا) هاتووە، لە نووسینی (زەبیحی) بە وردی باسی لە ئەنجامدانی ئەم پەیمانەی کردووە، ناوی ئەندامانی شاندەکانیشی بردووە، جگە لە خۆی ناوی هەژاریشی هێناوە (کەریمی، ٢٠٠٨: ١٦٣). هەروەها بەهۆی ئەو ڕۆڵە دیارەی هەیبووە، جموجۆڵ و چالاکییە سیاسی و قسەکانی، هەژار دەماودەم لە ناوچەی موکریان دەگێڕدرایەوە و سەرنجڕاکیش بوون و خەڵکی سوودی لێیان وەردەگرتن (کەریمی، ٢٠٠٥: ٣٦٦). ڕۆڵێکی زیاتری لەمەدا بەدیاردەکەوێت، دوای ئەوەی لە ناو ژێکاف، پەیوەندیی نێوان (قازی موحەمەد) و (زەبیحی) ساردی تێکەوتبوو، ئەمەش لەسەر لایەنی فکر و تێڕوانینیان، پەیوەندییان و شێوازی مامەڵەکردنیان بە وڵاتانی زلهێز (ساعدی، ٢٠١٩: ١٥)، کە هەژار ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، بۆ ئاشتی و برایەتیی نێوانیان، بە ڕای (سەلاحەدینی موهتەدی)[١٠] دوای سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەی کەوتۆتە نێوان ناوبراوان، تا سەرەنجام بۆچوونەکانیان لێک نزیک دەکاتەوە و پاشان ئاشتیان دەکاتەوە، بەمەش گڕ و تینێکی زیاتر بە خەباتیان دەدا (کەریمی، ٢٠٠٥: ٣٧٠). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەژار، چەند بە دڵسۆزی کاریکردووە، بەتەنگ یەگرتوویی کۆمەڵە و ئامانجەکانییەوە بووە.

ئەم هەڵوێستانەی سەرەوە، ئەوە دەردەخەن، هەژار چالاکوانێکی دیاری گۆڕەپانەکە (خۆشناو، ١٩٩٦: ١٣) و ئەندامێکی لە پێشینە و دیار بووە، هەتا ناوی لە لیستی کونسوڵخانەی سۆڤیەت تۆمارکراوە، کە لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٤، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ژێکاف، لە وەڵامی نامەیەکی (حەسەنۆڤ) سەرکونسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری تەورێزدا، کە داوای لیستی ناوی، ژمارەیەک ئەندامی دڵسۆز و

چالاکی کۆمەڵەی ژێکافی کردبوو، (زەبیحی) وەڵامی نامەکە دەداتەوە و نووسیویەتی، کە ناوی ژمارەیەک ئەندامی چالاک و بە بیروباوەڕی کۆمەڵەکەی تێدایە، ژمارەیان بە گشتی ٢٢ ئەندامە، ناوی هەژار لە ڕیزبەندی ١١دا هاتووە، بە ناوی (ڕەحمانی شەرەفکەندی) لە سنووری شارۆچکەی بۆکان، (گەنج)، (گەوهەری، ٢٠٠٤: ٥٥-٥٦).

## چوارەم: بەشداری لە حزبی دیموکراتی کوردستان - حدک

لە ١٦ی ئابی١٩٤٥ کۆمەڵەی ژێکاف دەگۆڕێت بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)یان ڕاگەیاند (لێرە بەدواوە وەک کورتکراوە حدک بەکاردێنین). (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٤٩)، ئەم گۆڕانکارییەش، لە دوای کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بوو (کەریم، ٢٠١٣: ٢٤٠-٢٤١)، بۆ جاری دووەم (قازی موحەمەد) و هاوڕێیانی سەردانی باکۆیان کرد، دیداریان لەگەڵ (جەعفەر باقرۆف)، سەرۆکی ئازەربایجان ئەنجامدابوو، ڕووسەکان نیگەران بوون، لە ژێکاف و چالاکییە سیاسییەکانی، چونکە بە شێوەیەکی گشتی، بیرۆکەی ڕزگاریی نەتەوەیی هەبووە، کە ئەمەش نیگەرانیی وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەت تورکیای لێدەکەوێتەوە، ئەمەش فشاری بەریتانیا و ئەمەریکای لەسەر ڕوسیا دروستکردووە، بۆیە داوایان کردووە ناوی کۆمەڵەکە و دروشمەکەی بگۆڕن، کە مافەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بێت(گەوهەری، ٢٠١٧: ١١٦-١١٧). دوای ئەوەی هەژار ئاوارەی باشووری کوردستان بووە، بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شۆرشی ئەیلول بەشداریکردووە، چەندین جار سەرکردایەتیی حدک داوایان لێکردووە ببێتە ئەندامی ئەوان، هەتا لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤، لە نزیک گوندی سونێی پشدەر، بە بەشداری زیاتر لە ٣٠٠ ئەندام، کۆنگرەی دووەمی حدک بەسترا، هەژار یەکێک بووە، لەو کەسانەی وەک ئەندامی ڕێبەری هەڵبژێردراوە (گادانی، ٢٠٠٨: ١٤٣-١٤٤) ناوی ئەو، لە ڕیزبەندی

حەوتەمدایە (گەوهەری، ٢٠١٥: ٢٥٦) هەرچەندە هەژار بەشداری کۆنگرەشی نەکردبوو، تەنها بە نووسینی نامە بۆیان بەشدار بووە (گەوهەری، ٢٠٢١: دیمانەی توێژەر) ئەوان دەستنیشانیان کردووە و هەڵیانبژاردوە، بەڵام دواتر کە هەواڵەکەیان پێراگەیاندووە، ڕەتیکردۆتەوە، ئەم بەرپرسیارەتە وەربگرێت(کاردۆ،١٢٣-١٥٧) بەوهۆیەوە ململانێی سیاسی لە نێوان بەشێک لە سەرکردایەتی و حدک و کەسایەتیە سیاسەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەژار سەریهەڵداوە، بۆیە هەوڵیانداوە کەسایەتی و ڕۆڵی هەژار لە ناو مێژووی حدک دا کاڵبکەنەوە و یاخود بیسڕنەوە کە ئەندامی یەکەم کۆنگرەی حدک بووە. یان بەشێکیان لە ڕووی ئەوەی بێئاگایەوە کە وەک پێویست زانیارییان نییە، ئەم هەڵوێستەیان وەرگرتووە.

لەبەر ئەوەیە باسی ئەوە دەکرێت، کە ئەو ئەندامی حدک نەبووە (ساعدی، ٢٠١٩: ١٣)، بۆ ئەم مەبەستە حدک، یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و هەژار نوێنەرایەتیی شارۆچکەی بۆکانی کردووە (گەوهەری، ٢٠٠٤: ١٧)، کە ئەندامێکی دیاری ناوچەیەکی بەرفراوان بووە (حەکیم زادە، ٢٠٢١: ٩٣)، کە بە مەڵبەندی کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیرانیی کۆمەڵگەی کوردی ناسراوە.

هەژار وەک ئەندامی باڵا و دیاری ئەو حزبە ڕۆڵی خۆی بینیوە(شارەزا، ١٩٩٧: ١).

**پێنجەم: ڕۆڵی لە کۆماری کوردستان**

لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە سابلاغ و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر کۆماری کوردستان ڕاگەیەنرا (گەوهەری، ٢٠١٧: ١٦٣)، و (قازی موحەمەد) بوو، بە سەرۆکی کۆمار و کابینەی حکومەتی ڕاگەیاند و سنووری جوگرافیای دەسەلاتی دیاریکرد (جەلیل و لازاریف ئەوانی تر،

٢٠١٥: ٣٣٢)، هەژاریش لەم بۆنە نەتەوەییە بەژداریی کارا و دیاری کردووە، قسەی خۆی هەبووە (شارەزا، ٢٠٠٥: ٨) لە دامەزراندنی ئەم کۆمارە (ئەسپیندارەیی، ١٩٩٨: ٦)، هەربۆیەش لەم ڕۆژەدا، لەڕیزبەندی پێنجەم هەژار(گادانی، ٢٠٠٨: ٣٧) شیعری نیشتیمانی خوێندۆتەوە (قادری، ٢٠٢١: ٤١٤) و گروپێکی سروودی چاپەمەنی بەکۆرس ئەم سروودەیان لەدوای گوتۆتەوە (شاپەسندی،٢٠٠٧: ٥٩) کە بە فەرمی بوو بە سروودی میللی کۆمار (حوسین،٢٠٠٢: ٢٤١).

هەرچەندە (قازی) لە ئەو بەتەمەنتر بووە، سەرەڕای سیاسەت، بەڵام پەیوەندیی نێوان و کەسیان زۆر بەهێز بووە، لەسەر داوای ئەو لە ئابی ١٩٤٦ هەژار ماڵی لە بۆکانەوە، گواستۆتەوە ساباڵغ و کوڕێکی هەبووە، (قازی) ناوی ناوە (شێرکۆ)، (هەژار، ٢٠١٨: ٨٧-٨٨). لە ساڵانی دواتر، زیاتر تیکەڵاوی یەکتر بوون.

لەبەرئەوەی هەژار هەڵگر و خاوەن فکر و ئایدیای، نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی نیشتیمانی بوو، بەمەش (قازی) سوودی لە بیرۆکەکانی وەرگرتووە، هەتا دوای ڕووخانی کۆمار و لەسێدارەدانی (قازی)، هەرچەندە داخێکی گەورە بووە بۆی، بەڵام هەژار بێئومێد نەبووە و نەکەوتووە، بەدوای فکری تردا نەگەڕاوە (قادر، ٢٠٠٥: ٧١) و بەوهۆیەشەوە لە بارودۆخی سیاسی، کارگێڕی و سەربازی و حوکمڕانی پشتی بێبەستووە (خالید، ٢٠٠٥: ١٥٢)، هەر ئەم متمانە وایکردووە، بۆ ئەرک و کاری گرنگ، نوێنەرایەتی ناردۆتە لای، سەرۆکهۆز بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٤٥، دوای ئەوەی کە (حەمەڕەشید خانی بانە) و هاوڕێیەکەی بە ناوی (میرحاج)، لە باشووری کوردستان، گەڕاونەتەوە، بۆلای لە گوندی (تورکمان کەندی) سەربە ساباڵغ هەژار پێیانی گوتووە بچن سەردانی قازی بکەن (هەژار، ٢٠١٨: ٦٩)، سەبارەت بەم بابەتە، بەپێی ئەو بەڵگەنامەی لەبەردەستدایە، بە دەست و خەتی(قازی) نووسراوە و واژۆی

خۆی لەسەرە، لە ناوەڕۆکیدا هاتووە "اغای ژنرال مایور محمد رشید خان، ئەوە هەژار و شیخ عبیداللەم نارده خزمەتت هیندێک سازش هەیە هەژار عەرضت دەکا. محمد قاضی"، (موحەمەد، ١٩٤٦: دەستنوس) هەروەها کۆمەڵێک لە نیشتیمانپەروەران، لە ڕێگای هەژار، چوونەتە لای (قازی) و پێی ناسێنراون، یەکێک لەوانە (سەعید ناکام)ە، (ناکام، ١٩٩٧: ٢)، هەر لەم بارەیەوە (هێمن موکریانی) دەڵێ "قازی ئیحترامی هەژاری پتر لەمن دەگرت"، قازی موحەمەد بەردەوام پاڵپشتی هەژاری کردووە (سابیر، ٢٠٠٩: ٤٣٠).

سەرەڕای ئەوانەش هەژار لە بواری سەربازیش ڕۆڵی هەبووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦، لەسەر داوای خۆی و لەلایەن (قازی موحەمەد) وەک فەرماندەیەک، نێردراوە بۆ بەرەی شارەدێی سەردەشت، بۆ بەشداریکردنی شەڕ دژی لەشکری ئێران، توانیویەتی ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت، لەو ناوچەیە (هەژار، ٢٠١٨: ٦٦-٦٨) و چەند سەرکەوتنێکیان بەدەستهێناوە (پشدەری، ٢٠٠٩: ٨٣-٨٤ دوای ئەوەی لە سابڵاغ، لەبەر نیگەرانییەکانی ڕوسیا، فەرمانیان پێکراوە، هێرشەکانیان ڕابگرن، هەژار لە داخی ئەم هەڵوێستە، چۆتەوە و لەدوای گەیشتنەوەی بۆ مەهاباد، کراوە بە سەرپەرشتیاری ناوچەی سەرای دەوروبەری شارۆچکەی سەقز، تاکو چاودێریی بارودۆخەکە بکات، ڕێگری بکات لە سەرهەڵدانی هەر کیشە و ئاژاوەنانەوەی سەرۆکهۆزەکانی کورد، چونکە شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بووە، سەقز لە ژێر دەسەڵاتی سوپای ئێراندا بووە (هەژار، ٢٠١٨: ٦٩)، (هەژار، ٢٠١٨: ٦٩)، ڕۆژێک بە ئەرکێک چۆتە نزیک سەقز، بەڵام مەترسیی لەسەر ژیانی دروستبووە، دوو مەفرەزەی پێشمەرگە فریای کەوتوون و دەربازیان کردووە (سابڵاغی، ٢٠٠٥: ٢٥٤).

شایانی باسە بە مەبەستی دانوساندن، لەگەڵ حکومەتی ئێران و ئازەربایجان، لەسەر فەرمانی (قازی) هەریەک لە هەژار، (مەنافی کەریمی)

و  چەند بەرپرسێکی تر، دیاریکراون و چوونەتە شارۆچکەی سەقز، لەگەڵ فەرماندەیەکی باڵای سوپای ئێران بە ناوی (ڕەزمارا) گفتوگۆیان کردووە، بڕیاردراوە، حکومەت هێزەکانی لە شاری بانە  و سەردەشت و چەند ناوچەیەکی تر بکێشێتەوە، هێزەکانی ئازەربایجانیش لە ناوچەی زەنگان بڕوات، تا ئەم کارەش تەواو دەبێ، نابێ کورد ڕێگا بگرێت، لە گواستنەوەی خواردەمەنی بۆ ئەو ناوچانەی ئەو سوپایەی لێیە چاودێری ئۆتۆمێلەکانی لەشکریش بکات (هەژار، ٢٠١٨: ٦٩-٧٢)، هەژار و هاوڕیکانی چەندین ڕۆژ لەوێ مانەوە و سەرقاڵی ئیش و کارەکان بوون، تا ئەو کاتەی کێشەیان بۆ دروست بوو(جونیۆر، ٢٠١٢: ١٦٦)، بەپێی ئەو بەڵگەیەی لەبەردەستدایە، ئەو کات پۆلیسی سەقز نووسراوی فەرمی ئاراستەی سەرووی خۆی لە تاران کردووە، کەوا ئەو بارهەڵگرانەی خواردەمەنیان گواستۆتەوە، بەسەر پەرشتی (عەبدولڕەحمان) خەڵکی مەهاباد ڕادەستی سوپا کراون، مەبەست هەژارە (پۆلیسی نهێنی، ١٩٤٦: بەڵگەنامە).

چالاکوانێکی سیاسی دیار و کارا،  و بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لە ڕووداوە سیاسییەکان، بۆتە سەرنجی هەردوو لایەنی ئێرانی و کوردی، بۆیەش لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دەستنیشانکراوە، بۆ دانوساندن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران (مرادی، ١٣٨٥- ٢٠٠٦: ٢٨)، پاشان هەژار لەگەڵ (حاجی حەمەد ئاغای حیسامی) لەگەڵ فەرماندەی سەربازیی ئێران لەلایەن (سەرتیپ هومایوونی) کە بەرپرسیارەتیی سنووری کوردستانی بەئەستۆوە بووە، گفتوگۆیان کردووە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک، بە فەرمانی (هۆمایۆنی) دەستگیرکراون (نوری، ٢٠٠٦: ٣٠-٣١) و (سەرهەنگ غەففاری)، گەورە بەرپرسی سەربازی، داوای لە هەژار کردووە،  پاکنامەیەک بنوسێت و پەشیمانی دەرببڕیت، لەو هەڵوێستە بۆئەوەی لەسێدارەی نەدەن، بەڵام ئەو سازشی نەکردووە، بەو هۆیەوە ماوەی دوو مانگ لە زیندان ماوەتەوە (گورژی، ١٣٧٩- ٢٠٠٠: ٤٠). ئەم

هەڵوێستەی هەژار، نیشانەی نیشتیمانپەروەریەتی، دەبێتە وانەیەک بۆ نەوەی نوێ سوودی لێوەربگرن.

(زەبیحی)یش، کە ئەندامی شاندەکە بوو، ڕایکردووە، (قازی) بەدەستگیرکردنی هەژار نارەحەت بووە و بە مەبەستی ئازادکردنیان، کەسێک بە ناوی (حەمەدەمین ئاغای حەسەن خاڵی) کارمەندی ڕەگەزنامەی مەهاباد و کەسایەتییەکی دیار بووە، دەنێرێت بۆ سەقز، بە گەیشتنی ئەویش دەستگیردەکرێت، (مستەفا بارزانی)یش پێی ڕاگەیاندوون قبوڵ ناکات، هیچ شتێک بەسەر هەژاربێت (شەرەفکەندی، ٢٠١٥: ١٦)، لەکاتی گواستنەوەی هەژار لە سەقزەوە بۆ سابلاغ، کە پێشبینی دەکرێت بۆ ئەوە بووبێت، لەگەڵ (قازی) و هاوڕیکانی لەسێدارەبدرێن، بۆیە سوود لەو دەرفەتە وەردەگرێت و ڕادەکات (گورژی، ١٣٧٩- ٢٠٠٠: ٤٠). ئەو کاتەی (پێشەوا) لە زیندان بووە، سەرەڕای ڕەوشی خۆی بەپەرۆش بووە، هەواڵی هەژاری پرسیوە، گوایە دەبێت (سەرتیپ هومایوونی) ئازادی کردبێت، کە زانیویەتی ڕایکردووە گوتوویەتی "هەژار چاکی کردووە هەڵاتووە" (نوری، ٢٠٠٦: ٤٢)، ئەم وتەیە زیاتر ئەوە دەردەخات، کە ڕای نەکردبا، هەمان چارەنووسی ئەوانی دەبوو.

دوای ئەوەی کۆماری کوردستان لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ توشی شکست هات (دێشنەر، ٢٠٠٤: ١٩٥)، و دوای ئەوەی هەژار لە وەرزی سەرما و سۆڵە و بە چەرمەسەرییەکی زۆر، خۆی گەیاندە باشووری کوردستان، بەرەبەرە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمێک هێور دەبێتەوە، کۆمەڵێک لە ئاغایانی ناوچەی موکریان، چووبوونە تاران، (موحەمەد کوڕی ڕەزا شا) لە مەڕ چارەنووسی هەژار پرسیاری لێکردبوون، کە چیلێهاتووە، لە وەڵامدا بە شانازییەوە، گوتبوویان"قوربان ئێمە کوشتمان" (مرادی، ١٣٨٥- ٢٠٠٦: ٢٨).

## تەوەرەی سێیەم: هەژار و هاتنی بۆ باشووری کوردستان

هەژار لەلایەن (لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید) لە ترسی پۆلیسی عێراقی و وەک تاکتیکێک و بۆ شوێنبزری، ڕەوانەی ماڵی کەسێکی متمانەپێکراوی خۆی لە گوندی (بی بی جەک) کردووە، لەو کاتەدا دوو کەسایەتی بە ناوی (عەبدولقادر ئەحمەد) ناسراو بە (کاخدر) و (باقی بامەڕنی) ناسراو بە (مام غەفور)، لە لایەن (مستەفا بارزانی)یەوە، لە شارۆچکەی شنۆوە بۆ هەندێک کاری تایبەت ڕەوانەی باشووری کوردستان کرابوون، هەژار نامەی بۆ (بارزانی) نووسیوە، بۆئەوەی بگەڕێتەوە لای، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (بارزانی) ناوچەکەی جێهێشتووە (هەژار، ٢٠١٨: ٩١)، دەبوو لەگەڵیان ڕۆیشتبایە، چونکە ئەگەر پۆلیسی عێراقی، هەژاریان دەستگیر بکردبا، ڕادەستی ئێرانیان دەکردەوە.

دواتر هەژار و (زەبیحی) لە سلێمانی لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد) و (جەلال تاڵەبانی) چالاکی و کاری سیاسییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداوە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٧٩)، لەم بارەیەوە هەژار بەدڵسۆزی و ئەوپەڕی لەخۆبۆردەییەوە، بەپێی ڕێنماییەکانی ئەوان کاری کردووە، هاوکاریی پارتی کردووە، لەوانە (هەمزە عەبدوڵڵا)، (ئیبراهیم ئەحمەد) و (جەلال تاڵەبانی)، (هەژار، ٢٠٠١: ١٠)، هەروەها (جەلال تاڵەبانی) خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، چەند کەسێکی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، یەکێک لەوانە هەژار بوو، کە ببوو بە ئەندامی پارتی و ئەرکی پێسپێرابوو (ڕەشید، ٢٠١٩: ٧٨ بەشی١)، بەهۆی ئەزموونی دەوڵەمەندی و چالاکییەکانی سوودیان لێبینیوە.

### یەکەم: چالاکییەکانی لە شاری بەغدا و کەرکوک

لە دوای ڕۆیشتنی بۆ بەغدا، لە ساڵی ١٩٤٨، هەژار بەشداری کردووە، لە خۆپیشاندانی دژی پەیمانی پۆرتسمۆس[١١] کە بە هزری چەپ کاریگەر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "چەپێکی نەتەوەیی بوو"ە ئەمەش بۆ ئەو بنەما نەتەوەییەی دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف، پێی گۆش و پەروەردە، لای ئەو جێگیر کرابوو( (فندی،٢٠٠٥: ١٢٩). لە بەغدا بەرانبەر (حەیدەرخانە) دوکانێکی بچووکی داناوە، نیشتیمانپەروەرانی کورد بە تاسەوە، سەردانیان کردووە چونکە وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، ناوبانگی دەرکردووە، پڕوپاگەندەی بۆ مارکسیەت، بۆتە جێگای سەرنجی هاوڕێکانی (ئاغجەلەری، ٢٠٠٩: ٦٠-٦١) پاشان لە بەغدا لە ستۆدیۆیەکی وێنەگری کاردەکات، لە شەقامی ڕەشید و دواتریش، ستۆدیۆیەکەیان گوستۆتەوە بۆ ناوچەی ئەعزەمیە، لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨، لە لایەن پۆلیسی نهێنیی عێراق، هەریەک لە هەژار و (زەبیحی) دەخرێنە ژێر چاودێری، لە ڕووی زانیارییەوە، داوای هاوکاری لە هەژار دەکەن، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە، کە هاوکارییان بکات و کارەکەی جێدەهێڵێت (شارەزا، ١٩٩٤: ٨). ئەمەش وەک هەڵوێستێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەژماردەکرێت.

پاشانیش دوای ئەوەی بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی، چووە بۆ نەخۆشخانەی بەحنەس لە لوبنان، گەڕانەوەی لە تشرینی دووەمی١٩٥٠، ئەوکاتەی ماڵی لە بەغدا بووە، لەبەر مەترسیی جموجۆڵە سیاسییەکانی، جارێکی تر خراوەتە ژێر چاودێریی پۆلیس (ئەحمەدی، ١٣٧٠- ١٩٩١: ٤). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەهاری ساڵی ١٩٥٢، ئەوکاتەی لەبەغدا بووە، قسەی لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی کۆماری کوردستان، بۆ ئەو کوردانە کردووە، کە لە شارەکانی باشووری کوردستانەوە چوونەتە ئەوێ و هەژاریان بینیوە، بەم هەڵوێستانەی هەوڵیداوە هەستی

نیشتیمانپەروەرییان زیاد بکات (خالید، ٢٠٠٥: ١٤٩-١٥٠). ئەم هەڵوێستانەی بووە بەهۆی، زیاتر سەرنجی پۆلیسی عێراق ڕابکێشێت و بخرێتە ژێر چاودێرییەوە.

لە هەمان ساڵدا پۆلیس بەدوایدا گەڕاوە، تاوەکو دەستگیری بکات، بە مەبەستی خۆحەشاردان لەگەڵ (زەبیحی) چوونەتە لای (عەبدوڵڵا شەریف) کەسێکی نیشتیمانپەروەر بووە، لە نزیک شەقامی ئەبو نەواس (دزەیی، ٢٠٠٩: ٦٣)، بەهۆی ئەوەی خاوەنی لە بنەڕەتدا خەڵکی شارۆچکەی سابڵاغ بووە، کەسێکی دەوڵەمەند بووە، خاوەنی ئەمباس و ئوتێل بووە، لە بەغدا زۆر هاوکاری کردوون، لەوێ کاریان کردووە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٢٧).

هەر لە ترسی پۆلیس، هەژار لە شاری بەغداوە، ڕۆیشتووە بۆ شاری کەرکوک، دواتر چۆتە لای (ئیبراهیم ئەحمەد)، چالاکیی سیاسی و کاری ڕۆژنەمەوانی لەگەڵ ئەنجامداون، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە، بەغدا و دوای چەند ڕۆژێک دیسان جارێکی تر، هاتۆتەوە کەرکوک، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی پۆلیس بزربێت و کاری وێنەگری کردووە، کە ماوەی ساڵێک زیاتر ماوەتەوە، لە ئوتێلیش ماوەیەک، لەگەڵ (مەلا شکور مستەفا)[١٢] بەیەکەوە بوون (هەژار، ٢٠١٨: ١٦٠-١٦٣)، هەر لەو شارەش لەگەڵ هەریەک (شکور مستەفا) و (مەلا نوری ئاغجەلەری) ئاشنایەتییەیدا دەکات، و باس و خواس و گفتوگۆی سیاسییان کردووە. مەبەستی هەمان ساڵە، هەژار ڕۆیشتووە بۆ ڤیستیڤاڵی لاوان لە بۆداپێست (ئاغجەلەری ٢٠٠٩: ٦١).

## دووەم: بەشداری لە ڤیستڤاڵی لاوانی جیهانی

لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣، بۆ ڤیستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان ئامادەیی کراوە (حیسامی، ٢٠١٨ بەرگی١: ٢٥٧) لە شاری بوخاریست، لە ڕۆمانیا بەڕێوەچووە، هەژاریش یەکێک بووە لەو کەسایەتییە دیارانەی

بەشداری کردووە (خەزنەدار، ٢٠١٠ بەرگی٧: ٤٠٨)، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ (شێخ لەتیف) بەرزنجی لە کەرکوک هەیبووە، ئەو هەوڵی بۆ داوە، لەگەڵ شاندی لاوانی حزبی شیوعی بەشداریی ئەم ڤیستیڤاڵە بێت، بە پێدانی ١٠ دینار وەک بەرتیل، بە دەزگا پەیوەندارەکانی حکومەت، پاسەپۆرتی بۆ دروستکردووە، تاوەکو لەوێ بە ئازادیی خۆی بیروڕاکانی دەربڕێ و دەنگ و هاواری کورد بە جیهان بگەیەنێت، نامەیەکیشی پێدەدات بۆ بەغدا، بە مەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی و دواتر لەگەڵ لاوانی حزبی شیوعی بەرەو شام بەڕێدەکەوێت (مستەفا، ١٩٩٨: ٥٣)، شاندەکە بە سەرۆکایەتیی (غەفوری میرزا کەریم) بووە، چەند کەسێکی تریشی لەگەڵ بوون، لەوانە (عامر عەبدوڵڵا) و (کازم السەماوی) ((کەریم، ١٩٩٨: ١٣٠)، بە ڕێگای بەیروت و قاهیرە گەیشتوونەتە، شاری بوخاریست، شاندەکەی عێراق ١٢ کەس بوون، بەڵام لە بوخارست، کەسانی تری عێراقی لە وڵاتانی ئەوروپاوە، چوون و ژمارەیان ٧٠ کەس زیاتر بووە، هەژار لە بنەڕەتدا گوزارشتی لە نەتەوەکەی کردووە، جل و بەرگی کوردی پۆشیوە و قسەی بە کوردی کردووە، پۆشینی ئەم جل و بەرگەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە لەلایەن بەشێک لە شاندەکە، هەڕەشەیان لێکردووە لەوانە (عامر عەبدوڵڵا) و (کازم السەماوی)، (سەلیم شاهین)، (سەفا حافز)و ...هتد. (هەژار، ٢٠١٨: ١٦٨-١٧٧). ئاگاداریان کردۆتەوە، ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکانی ئەوان هەڵسوکەوت نەکات، سزادەدرێت، پێویست ناکات هیچ مۆرکێکی کوردی پێوە دیاربێت، بەڵام ئەو وتارێکی بە کوردی نووسیوە، داوای لە کەسێک کردووە، بە ناوی (نەمازی) خەڵکی ئێران، لە حزبی تودە و لە دەفتەری کۆنگرە- ئۆفیسی ڤیستیڤاڵ، کارەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستی ڕاپەڕاندووە، بۆی وەرگێڕێتە سەر زمانی بیانی، هەرچەندە بەڵێنی پێداوە، بەڵام لە ژێر کاریگەریی عێراقییەکان نەیکردووە، بۆیە هەژار لەگەڵیدا بەشەڕ هاتووە (مستەفا، ١٩٩٨: ٥٣)، لەو کاتەدا کەسێکی تر، بە ناوی (کازمی) کە ئەویش بەرپرسیارەتی لەو ئۆفیسی فیستیڤاڵ هەبووە، وتارەکەی بۆ زمانی فەرەنسی و ئینگلیسی

وەرگێڕاوە و بۆ ڕۆژی دواتر هەژار لە ڤیستیڤاڵەکە خوێندوویەتیەوە، کە بۆ دوو زمانی تری ڕوسی و ئیسپانی وەرگێڕدراوە، باسی لە چەوساندنەوەی گەلی کورد کردووە، کە خاکی دابەشکراوە، بۆتە جێگای سەرنجڕاکیشانی ئامادەبووان، ئەو ماوەیەی لەوێ بووە، نەخشەی کوردستانی لەسەر کاغەز بۆ کیژ و لاوی ئەوروپی کێشاوە، نووسیویەتی "کوردستانی ناسەربەخۆ" مەبەستی بووە سەرنجی نەوتەوەکانی تر بەلای گەلەکەیدا ڕابکێشیت، لە ئۆفیسی ئێرانییەکان، (کەریمی حیسامی) بینیوە داوای لێکردووە، وتار لە ڕادیۆی شاری بوخاریست بە کوردی بخوێنێتەوە (هەژار، ٢٠١٨: ١٧٧-١٧٨) و ئەویش بە قسەی کردووە، وتارەکەی لەبارەی ڤیستیڤاڵەکە و مەینەتییەکانی گەلی کورد بووە، بۆی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ڕۆمانی (حیسامی، ٢٠١٨ بەرگی١: ٢٦٢-٢٦٣) وتارەکەی هەژار دەنگ و سەدایەکی باشی لێکەوتەوە (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٣: ٥٢)، هەژار لەم وڵاتە، لە سەردانێکدا بۆ باڵوێزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت، داوای پەناهندەیی کردووە (مرادی، ١٣٨٥- ٢٠٠٦: ٤٠) و بەڵام داواکەی ڕەتکراوەتەوە (کەریم، ٢٠٠١: ٢٥). پاشان (کەریم حیسامی) لە دانیشتن لەگەڵ هەژار، باسی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە، بڕیار بووە، هەژار بچێتەوە ئێران، بۆ ئەم مەبەستە (کەریم) قسەی لەگەڵ بەرپرسێکی حزبی تودە بە ناوی (جهانگیری ئەفکاری) کردووە، ئەویش بیرۆکەکەی زۆر پێ باش بووە(حیسامی، ٢٠١٨: ٢٦٣)، لەوێ لەسەر داوای (جەعفەری ڕەحمانی) گەورەبەرپرسی تودەییەکان، داوایان لێ کردووە، بچێتەوە ئیران و کێشە سیاسییەکەی بۆ چارەسەر بکەن، ئەویش بەڵێنی پێداون، کە لە بەغداوە بگەڕێتەوە ئیران، دوای تەواوبوونی ڤیستیڤاڵ، هەژار لە ڕێگای گەڕانەوەی بە کەشتی بۆ ئەستەنبوڵ و لوبنان. لە ڕادیۆ گوێبیستی هەواڵی ڕوخانی، حکومەتی (موحەمەد موسەدیق) و گەڕانەوەی (موحەمەد کوڕی ڕەزا شا) بۆ ئێران بووە، بەمەش پلان و گەڕانەوەی بۆ ئێران هەڵوەشاوەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە سوریا و لە ماڵی (حاجی ئاغا هڤیرکی)[١٣] لە گوندی ترپە سپی، لە ڕۆئاوای کوردستان،

دوای مانەوەی دە ڕۆژ لەوێ، گەڕاوەتەوە بەغدا و پاشان بۆ کەرکوک بۆ لای (جەلال تاڵەبانی) و لەوێ دەمێنێتەوە (هەژار، ٢٠١٨: ١٨٠-١٨١).

تا پێش چوونی هەژار بۆ ڤیستڤاڵی لاوان، مارکسیەت ڕەنگدانەوەی لەسەر بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی هەبووە، سەرەڕای ئەوەی سۆڤیەت، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، پشتی لە کۆمار کرد، بەڵام تاوەکو پێش ئەوەی گەشتی ئەورووپا بکات و ئامادە نەبووە، دان بەم ڕاستییەدا بنێت (ئاغجەلەری، ٢٠٠٩: ٦٢)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی بیری مارکسیەت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت، زیاتر گەشەی سەندووە (بازیار، ٢٠٢٠: ٤٥-٤٧)، ئەم گۆڕانکارییەش، سەرەتا لەوێوە دەستپێدەکات، لە دوای گەڕانەوەی، هەژار لەم ڤیستیڤاڵە، گۆڕانکاری بەسەر بیروڕایدا سەبارەت بە مارکسیەت هاتووە، بەرانبەر وڵاتانی سوسیالیستی، کاتێک لە کەرکوک لە دوکانی هاوڵاتییەک بە ناوی (مەجیدی کاکە حاجی مەحمود) و (شێخ لەتیف) لەوێ بوو، هەردووکیان سەرزەنشتیان کردووە، لەسەر ئەم گۆڕانکارییە فکرییە، ئەویش لە وەڵامدا بۆی ڕوونکردونەتەوە، کە ئەو خوێندەوار و ئەزموونی باشی هەیە، لە چوونی بۆ ئەم فیستیڤاڵە ئامانجی تایبەتی هەبووە. دۆزی ڕەوای کوردی نیشانی جیهان داوە، سەرەڕای ئەوەی کە شاندی عەرەبی، ڕێگیرییان لێکردووە. هەروەها ئامانجێکی تری گەشتەکەی وەک خۆی ئاماژەی پێداوە، بۆ ئاشنابوون بووە بە ژیان و سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتانی سوشیالیستی هەر بۆیەش لە دەمی گەڕان بە شەقام و گەڕەکەکانی دەوروبەری فیستیڤاڵ بۆی ڕوونبۆتەوە خەڵکی سەیری ئەم شاندانە ناکەن، دوای بینینی ڕەوشی ئابووریان باش نییە، وەک پێویست ئازادنین و بێزارییان لە حوکمڕانی دەربڕیوە، لەسەر ئەم بنەمایە، چیتر پڕوپاگەندەیان بۆناکات (ئاغجەلەری، ٢٠٠٩: ٦٢).

لەم بارەیەوە، یەکێک لە ساسەتمەدارانی کورد، دوای زیاتر لەدوو دەیە، سەردانی بوخارستی کردووە، بۆیە سیستەمی کۆمۆنیستی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لەبەرچاوکەوتووە، بەهۆی بەرتیلخۆری لە دامودەزگاکانی حزب و زانکۆکان، جیاوازیی چینە کۆمەڵایەتییەکان بە زەقی دەرکەوتووە و خەڵکی تا ئەو کاتەش لە گوندەکان، لە خانووی قوڕدا ژیانیان بەسەربردووە، قوتابییە ڕۆمانییەکان، ئەوەندە هەژار بوون، کە پاشماوەی خواردنەکانی ئەوانی تریان خواردووە، تەنانەت هەندێک جار، لە پێناو دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، جەستەی خۆیان فرۆشتووە، ئەمەش لەکاتیکدا بوو، کۆمۆنیستەکانی کوردستان، بانگەشەی خۆشگوزارەنییان کردووە، لە ڕۆژنامەی ژین، کە بووەتە هۆی فریودانی لاوە کوردەکان بە بیری مارکسیزم (ئەمین، ١٩٩٧: ١٧-١٨).

بۆیە هەژار لە دوای هاتنی بۆ باشووری کوردستان و عێراق، گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهات، بیروباوەڕەکانی زیاتر جێگیر و بەهێزتر بوون، پەیوەندی باشی لەگەڵ نیشتمانپەروەران و شۆڕشگێڕانی کورد پتەوتر کرد، خۆی ئەو قەیرانە فکرییانەی دەرباز کردبوو، بەسەریاندا زاڵ بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٣، نیشتیمانپەروەرانی تر بەهۆی ڕووخانی حکومەتی (موسەدیق) لە ئێران، کە ئاوارەی عێراق بوون، لەسەر بیروباوەڕێکی دیاریکراو جێگیر نەبوون (قادر، ٢٠٠٥: ٧٢).

هەژار لە بەغدا، لە جموجۆڵ و چالاکییە سیاسییەکانی بەردەوام بووە، هەوڵیداوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، ڕۆڵی میانگیری بگێڕێت بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣ (غەنی بلوریان) ئەندامی حزبی تودەی ئێران لە بەغدا سەردانی کردووە و بەیەکەوە سەردانی باڵە جیاوازەکانی حزبی شوعییان کردووە، کە ببوونە دژی یەکتر، لەوانە (عەلی شەریف) هەژار وەرگێڕی زمان بووە، هەوڵیانداوە ئاشتەوایی لە نێوانیاندا، بەرپابکەن و گرنگی بە دۆزی ڕەوای کورد بدەن، ماوەیەک

(غەنی) لای ئەو ماوەتەوە (فەرشی، ٢٠١٨: ٤٨-٤٩)، هەروەها (غەنی) بە هاوکاریی هەریەک لە (جەلال تاڵەبانی) و هەژار، چارەسەری ئەو کێشانەیان کردووە، کە بەشێکی کادرانی باڵای پارتی بە سەپەرشتی (محەڕەم) لە پارتی دوورکەوتبوونەوە (بلوریان، ١٩٩٧: ١٤٣-١٤٥)، لەلایەکی ترەوە لە ساڵی ١٩٥٤، بەشێک لەو کەسایەتییە سیاسییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردسان، سەردانی بەغدایان کردووە، زمانی عەرەبییان نەزانیوە، یەک لەوانە (عەبدولڕەحمان قاسملو ١٩٣٠-١٩٨٩)بووە ڕوویان لە هەژار ناوە و متمانەیان پێبووە، ئەویش کاری وەرگێڕانی زمانی بۆ کردووە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٤٩)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، هەژار پەیوەست نەبووە، تەنها بەکار و چالاکییەکی سیاسی، لەهەر کات و جێگایەک پێویست بە ئەو بووبێت، توانیویەتی ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێت.

هەروەها لە ساڵی ١٩٥٦. لە بەغدا، جگە لەسەرانی پارتی، کەسانی دیاری حزبی شیوعی سەردانیان کردووە لەوانە (جەمال حەیدەری)، دوکانی وێنەگری هەبووە، بە ناوی (ستودیۆ سەباح)، دوکانەکەی هەژار بۆتە مینبەرێکی سیاسی، لە هەموو لایەنە سیاسییەکان، سەرەڕای جیاوازیی بیروڕایان، ڕوویان تێکردووە و متمانەیان پێی هەبووە، وێنەی قاچاغی بە ئەمانەتەوە بۆ گرتوونەتەوە (هەژار، ٢٠١٨: ١٩٠-١٩٤)، بەهۆی ئەو هاوسەنگییە سیاسییەی هەژار، لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا ئەنجامیداوە، کەسایەتییەکی سیاسیی دیاری حزبی شیوعی عێراقی، ئاماژەی پێکردووە "لای شیوعییەکان بە تێکڕا مام هەژار نرخ و پلەی تایبەتی هەبوو" (کەریم، ٢٠٠١: ٤٠).

## سێیەم: ڕاوەدونانی بۆ سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان

لەسەر هەڵوێستی سیاسی، نووسینەکانی و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی، پۆلیسی نهێنیی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٦(فندی، ٢٠٠٥: ١٣٠) بە مەبەستی دەستگیرکردنی بەدوایدا دەگەڕێت، ئەو هاتووە بۆ

شەقڵاوە کە خێزانی لەوێ بووە، دوو بەرپرسی پارتی بە ناوەکانی (عەبدوڵڵا عەلی) و (عومەر دەبابە) بەڵێنیان پێداوە، حزب مانگانە بڕی ١٢ دینار بدات بە خێزانەکەی، بەڵام پارەکەیان نەداونەتێ، پاشان چووە بۆ موسڵ و لەوێوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان (هەژار، ٢٠١٨: ٢٠٠-٢٠٣)، لە ماڵی (حاجۆ ئاغای هڤیرکی) لە گوندی ترپەسپی لای ماوەتەوە (هڤیرکی، ٢٠١٢: ٧٢)، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧، هاوسەر و منداڵەکانی چوون بۆلای بۆ ترپەسپی (هەژار، ٢٠١٨: ٢٠٠-٢٠٣)، هەر لەو کاتەشدا کەش و هەوای سیاسی لەبار بوو، بۆ ئەوەی ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی، بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا، کە لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرا، ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لە وشیارکردنەوەی خەڵک و بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی، کە لەدوای بزوتنەوەی خۆیبوون دروستببوو، لەم بارەیەوە دیوەخانەکەی ماڵە (حاجۆ ئاغا هیڤرکی)، کە خەڵکانێکی زۆر لە شوێنە جیاوازەکانەوە، بە بەرپرسانی حکومەتیشەوە ڕوویان تێدەکرد، بە جۆرێک مەڵبەندێکی بانگەشەکردن، بۆ وشیاریی نەتەوەیی و چالاکییە سیاسییەکان (بەدرەدین، ٢٠٠٥: ٤٨-٤٩)، لەگەڵ (زەبیحی) ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە، بۆ دروستبوونی، ئەم پارتە لە سوریا (حەکیم زادە، ٢٠٢١: ٣١)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، هەژار لە سوریاش ڕۆڵی لە بەهێزبوونی پرەنسیپە نەتەوایەتییەکان گێڕاوە (شارەزا: ٢٠٠٠: ١) هەروەها ناوەناوە بە مەبەستی ڕا و ڕاوێژی سیاسی و ڕۆشنبیری سەردانی دۆستەکانی لە دیمەشق کردووە، لەوانە (ڕەوشەن بەدرخان)، (عەبدولحەمید دەروێش) و (زەبیحی) و کەسانی تر، هەژار خاوەن کەسایەتییەکی زیرەک، وریا و ورد بوو، شوێنێکی تایبەتی هەبوو، لای کوردانی ئەوێ (دەروێش، ٢٠١٣: ١٧). بەڵام لە ڕووی مادییەوە ڕەوشی باش نەبووە، ئەوکاتەی لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) بەیەکەوە لە دیمەشق بوون، هاوکاریی دارایی سەرەتایی، پێشکەشی هەژار کردووە (کەریمی: ٢٠٠٥: ٢٣٣) و سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەی (حاجۆ ئاغا)ش خواردەمەنی بۆ دابینکراوە (حاجۆ، ٢٠٠٧: ٦٦)، دواتر هەژار لە ڕێگای ماڵی (حەسەن کوڕی حاجۆ ئاغا) ڕەگەزنامەی

سوریای بەدەستهێناوە، هەچەندە لە سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ناوی (عەبدولڕەحمان موحەمەد ئیبراهیم) بووە (کەریمی: ٢٠٠٥: ٢٣٢)، بەڵام ناوی تەواوی (عەبدولڕەحمان حەسەن) و ناوی دایکی (فاتیمە)یە (بەدرەدین، ٢٠٠٥: ٤٩)، هەروەها هەژار لە یاداشتەکانی ئاماژەی، هەر بە ناوی دووەم کردووە، کە لە شارۆچکەی قامیشلی دەرهیناوە (هەژار، ٢٠١٨: ٢٢٢)، دابینکردنی ناسنامەی سوریا، بۆ ئەوە بووە، مەترسی لەلایەن پۆلیس سوریا بۆ دروست نەبێت.

بەرپرسانی پدک داوا لە هەژار دەکەن، لەگەڵ (زەبیحی) لە شام چاپخانەیەکی بچوکیان بۆ دەکڕن، بە یاساغی دەیگوازنەوە، بۆ شارۆچکەی قامیشلی و بە هاوکاری (محیّدین کوڕی حاجۆ ئاغا) ڕادەستی ئەو کەسەی دەکەن کە پارتی بۆی دیاریکردوون، ڕەوانەی سەر سنووری عێراقی دەکەن(هەژار، ٢٠١٨: ٢٢٣)، بەڵام لە موسڵ، دەست بەسەر چاپخانەکەدا دەگیرێت بێ ئەوەی کەسی لەگەڵ دەستگیربکرێت (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٤٦)، چونکە (یەزید خان)ی یەزیدی کە باوەڕپێکراوی پارتی بووە، ئاسانکاری کردووە، بۆ گواستنەوەی چاپخانەکە و هەر خۆشی بە شێوەی نهینی بەڕێوەبەری ئاسایشی موسڵی ئاگادار کردووە و لە ئەنجامدا بە گرتنی داوە(هەژار، ٢٠١٨: ٢٢٣)، هەژار درێژەی بە ڕێچکە گرنگ و ستراتیجییەکەی داوە و لەساڵی ١٩٥٧، بە نەفەسی درێژ، ئایدیای فکری و سیاسیی فراوان ڕا و ڕاوێژی لەگەڵ خەڵک کردووە، زۆر بە ئومێد بووە، بەرانبەر دواڕۆژی دۆزی ڕەوای گەلەکەی و بەرچاوڕوونی داونەتێ (بەرزنجی، ٢٠١١: ٦٩)، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٧(جەلال تاڵەبانی) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، هەژار لەگەڵ هەریەک (کەمال فوئاد)، ئەندامی پارتی و (زەبیحی) لە سوریا بەیەکەوە چالاکیی سیاسییان ئەنجامداوە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٣٠٥).

## چوارەم: هەوڵەکانی بۆ بەشداری لە ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ

لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٥٧، دەنگۆی ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهان، لە یەکێتیی سۆڤیەت بڵاوکرایەوە، (جەلال تاڵەبانی) نامەیەک ئاراستەی هەژار دەکات، تێیدا هاتووە: "حزبی شیوعی عێراقی لەسەر بنەمای بڕیارەکانی کۆنگرەی پایزی ساڵی ١٩٥٦، ڕازیبوون، گروپی کوردستان بە شێوەی سەربەخۆ بۆ مۆسکۆ بڕوات و بە شێوەیەکی ئازادانە باسی کورد بکات و ئەوانیش هاوکارییان بکەن، بەڵام من نەمتوانیوە پەساپۆرت وەربگرم، ئەم نامەیە لە دیمەشق نیشانی هاوڕێیان بدە، سەرۆکایەتیی گروپی کوردستان لەئەستۆبگرە، بەڵام خەرجیی سەفەرت لەسەر خۆتە". (وەرگیراوە لە: ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ١٢٤) گروپەکەی پارتی لە نیسانی ١٩٥٧ گەیشتوونەتە دیمەشق و لە ٩ ئەندام پێکهاتبوون، چاوەڕوانی (جەلال تاڵەبانی)یان کردووە، هەژاریان وەک بەرپرسی گروپەکە قبوڵکردووە (ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ١٢٤)، سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی ئەوەی هەژار لەناو کوردانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت چین و توێژی ڕۆشنبیر و نیشتیمانپەروەران پێگەیەکی دیار و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بۆیە لەلایەن چەند کەسایەتییەکی دیاری سیاسیی ڕۆژئاوا و سەرانی پێشووی خۆیبوون، لەوانە: (ئەکرەم جەمیل پاشا١٨٩١-١٩٧٤)، (حەسەن حاجۆ)، (قەدری جەمیل پاشا ١٨٩١-١٩٧٣) و (د. ئەحمەد نافز١٩٩٢-١٩٦٨) داوای لێکراوە بەشداری لەم ڤیستیڤاڵە بکات(بەدرەدین، ٢٠٠٥: ٥٠)، بۆ ئەم مەبەستە هەژار داوای هاوکاری کردووە، لە ناو کوردانی قامیشلی و دەوروبەری نزیکەی ٦٠٠ لیرەی سوری کۆکردۆتەوە، هەرچەندە دەستەی شیوعیەکانی عێراق، کە لە شام بوون دەبوایە، هاوکاربن بۆ ئەنجامدانی ئەو گەشتە، بەڵام بەڵێنەکەیان جێبەجێنەکردووە، پاشان (جەلال تالەبانی)، گەیشتۆتە شام و بە گەیشتنی ئەو بۆتە سەرۆکی وەفدەکە و هەژار یاداشتی کردووە لەسەر (جەلال تاڵەبانی) کە گوتوویەتی "شیوعی بەهیچ

شێوەیەک قبوڵ ناکەن، هەژار و زەبیحیمان لەگەڵ بێت بۆیە، دەبێت بەڕێگایەکی تری جیاواز، بگەنە مۆسکۆ و لەوێ یەکتر دەبینین" (هەژار، ٢٠١٨: ٢٢٧-٢٢٨)، ئەو نووسراوەی هەژار و (زەبیحی) پێشتر ئامادەیان کردبوو، ڕادەستی (جەلال تەڵەبانی)یان کردووە، تاوەکو لە ڤیستیڤاڵ بیخوێنێتەوە، کە ئەوان بە کەشتی گەشتیان کردووە (هەژار، ٢٠١٨: ٢٢٧-٢٢٨)، هەروەها (جەلال تاڵەبانی) لەم بارەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەژار و هاوڕێکانی زۆر هەوڵیاندا بێن لەگەڵمان "بەلام هیچ لایەک قبوڵی نەکردن، نە وەفدی عێراقی و نە لە وەفدی سوریدا" (ڕەشید، ٢٠١٩ بەشی١: ١٠٦)، دواتر بە هەوڵی (ڕەوشەن خانم)ی هاوسەری (جەلادەت بەدرخان)، ڤیزا بۆ کچەکەی بە ناوی (سینەم خانم)، هەژار و (زەبیحی) لە سەفارەتی چیکۆسلۆڤاکیا وەرگرتووە (ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ١٢٥)، و بەرپرسانی باڵای حزبی شیوعی سوریا، ئاگاداری باڵوێزخانەی چیکیان لە سوریا کردبوو، کە ڕێگەیان پێنەدەن لە چیکەوە دەربازبن، باڵوێزخانەی چیکی تەلەفۆنیان کردبوو، بۆ ماڵی (ڕەوشەن خانم)، کە ئەو سێ کەسە سەردانیان بکەن، بەبیانووی ئەوەی کەم و کوڕی لە ڤیزەکانیان هەیە و ئەوانیش نەچوون پێیان وابووە ڤیزەکانیان لێوەردەگرنەوە، و لە فڕۆکەخانەی بەیروتەوە گەشتەکەیان کردبوو (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٤٤)، بۆ شاری شتوتگارت، پاشان بۆ پراگ بەڕێکەوتوون، بەرلەوەی بگەنە شارەکە، لە نزیک شاری پلیزنر، پۆلیس بە بیانووی تەواونەبوونی ڤیزا، گێڕاونیەتەوە شتوتگارت (ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ١٢٥)، و ڕێگەیان پێنەداون بچنە مۆسکۆ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەنیستەکانی سوریا سکاڵایان داوەتە لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێگرییان لێکردبوون، بگەنە ئەو وڵاتە، بەبیانووی ئەوەی، بانگەشە بۆ نەتەوەخوازیی کورد دەکەن (بەدرەدین، ٢٠٠٥: ٥٠)، پاشان هەژار و هاوڕێکانی پەیوەندییان بە (عەبدولڕەحمان قاسملو) کردووە و ڕێنمایی کردوون، تا ئەو کاتەی ڤیزەیان بۆ وەردەگرێت، بچنە شوێنێکی لاوان لە بەرلینی ڕۆژئاوا، هەروەها چەند چالاکییەکیان بە پۆشینی جل و بەرگی کوردی ئەنجامداوە

(زەنگەنە و ساڵح و ئەوانی تر، ٢٠١٨: ١٧٣)، ئەوکات (قاسملو) لە شاری پراگ مامۆستا بووە، پەیوەندی بە هەژار و (زەبیحی) کردووە و پێی گوتوون (خالید بەگتاش) لە گەورە بەرپرسانی کۆمەنیستی سوریا، لە ڕێگای پەیوەندییەکانی، گەشتەکەی لێتێکداون، هەروەها (مستەفا بارزانی)یش هەوڵیداوە ڤیزایان بۆ وەربگرێت، بەڵام بێ ئاکام بووە، هەژار و هاوڕێکانی دواتر گەیشتوونەتە بەرلینی ڕۆژئاوا، دوای چاوەڕوانی کاتی ڤیستیڤاڵەکە کۆتایی هاتووە. بە مەبەستی گەڕانەوە ڕۆیشتوون بۆ سەفارەتی سوری لە شاری بادگوزربێرگ بۆ ئەوەی داوای تەسفیریان بکاتەوە (ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤: ١٢٥-١٢٧)، باڵوێز کە ناوی (ئیبراهیم ئوستوانی) بوو، دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتیی سیاسیی کورد (جەلادەت عالی بەدرخان) هەبووە، ئەمەش لەبەرژەوەندیان دابووە (هەژار، ٢٠١٨: ٢٣٦)، هەروەها پێشتر هاوسەری باڵوێز لە دیمەشق لای (ڕەوشەن خانم) مامۆستا بووە، هەژار و (زەبیحی) لە میوانخانە جێگایان بۆ دابینکرا، (سینەم خانم)یش لە ماڵی باڵوێز ماوەتەوە، هاوکاریی مادديان کردوون (زەنگەنە و ساڵح و ئەوانی تر، ٢٠١٨: ١٧٤)، و میوانخانەکە لە نزیک ڕووباری ڕاین بووە، هەژار ئەم دەرفەتەی قۆزتۆتەوە و وەک وەفایەک بەرانبەر ئەو چاکەییەی پێشتر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی لەگەڵی کراوە، لەگەڵ (زەبیحی) سەردانی (عەلی حەیدەر سولەیمان) یان کردووە، کە باڵوێزی عێراق بووە لە شاری بادگوتزبێرگ، زۆر ڕێزی هەژاری گرتووە، دوای ڕوونکردنەوەی گەشتەکەی خۆیان و گفتوگۆی سیاسی، بڕێک هاوکاریی ماددی کردوون (هەژار، ٢٠١٨: ٢٣٧-٢٣٨)، دوای مانەوەی دوو هەفتە، بڕیاردراوە تەسفیریان بکەنەوە، شوێنیان لە کەشتی بۆ گرتبوون، زیاتر لە هەفتەیەکیان پێچووە، دواتر گەیشتونەتە کەنارەکانی لوبنان، لەوێ (ڕەوشەن خان) و (جەلال تاڵەبانی) پێشوازییان لێکردوون، دواتر گەڕاونەتەوە دیمەشق و گوندی ترپەسپی، ئەزموونێکی باشیان لەم گەشتە وەرگرتووە، بەکردەوە بۆ هاوسەفەرەکانی ڕوونبۆتەوە، بۆیەش (سینەم خانم) ئاماژەی پێکردووە کە "هەژار مرۆڤێکی مەزن بوو، هەموو

تشتەکی ژبۆ ئەوی دیتر دکر" (زەنگەنە و ساڵح و ئەوانی تر، ٢٠١٨: ١٧٤). سەرەڕای ئەوەش، هەژار کەسێکی ورەبەرز بووە، لە گەڕانەوەیان، لەسەر کەشتییەکە سرود و گۆرانی بۆ هاوڕێکانی گوتەوە (بەدرخان، ٢٠٢٠: دیمانەی توێژەر)، بەمەش ویستویەتی ئەو بێئومێدییەی هاوڕێکانی بڕەوێنێتەوە، کە لە ئەنجامی دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە و بەشدارنەبوونیان لە ڤیستیڤاڵ بۆیان دروستبوو.

هەر لەم بارەیەوە (مام جەلال) باس لە شیوعییەکانی عێراق و سوریا دەکات، کە لە ڤیستیڤاڵەکە زۆر دژ بوون و کوردیان بە نەتەوە نەدەزانی، هەروەها بە نیگەرانییەوە، لە مەڕ گەشتی هەژار و یاوەرەکانی دەدوێت، کە دوای ئەوەی ئەو گەشتەیان کرد و ڕێگەیان پێنەدرا و دواتر لە ئەورووپاوە گەڕانەوە وەک دەنووسێت "توشی کوێرەوەرییەکی زۆر بوون، ئەوە خۆی لە خۆیدا داستانێکی تایبەتە"(ڕەشید، ٢٠١٩ بەشی١: ١٠٦)، هەروەها (جەلال تاڵەبانی) وا باسی هەژار دەکات، هێندەی تر ڕەوشی ئابووری و خراپ و تێکچوو برسی بوو، "ئەمەش هیچ شەڕەفێک بەوانە نابەخشێ کە ڕێگەیان لێ گرتبوو و نەیانهێشتبوو بگاتە ئەو میهرەجانە" گفتوگۆی لەگەڵ هەژار کردووە، باسیان لە بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتی کوردستان و کێشەکانی کردووە، (جەلال تاڵەبانی) لە هەڵوێستی (خالید بەگتاش)ی بە ڕەچەڵەک کورد زۆر نیگەران بووە، بەڵام هەموو ئەمانە و ئەوانی تریش نەیانتوانی تۆزقاڵێک لە هەڵوێستی هەژار کەمبکەنەوە، بەڵکو ڕژدتر و سوورتر بوو، لەسەر کارکردن بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی، چونکە ئەو قوربانی بە خۆی و ماڵ و منداڵی دابوو (مام جەلال، ٢٠٠٣: ٤٠-٤١). دوای هەژار (زەبیحی) و (سینەم خانم) هەریەکەیان بڕی چوار سەد و چل و چوار لیرە، خەرجی گەڕانەوەیانە لە ئەورووپا، چونکە باڵوێزخانەی ئەوان خەرجییان کێشاون، قەرزداری حکومەتی سووری بوون، (ڕەوشەن خانم) بڕیاریداوە بە شێوەی قیستی مانگانە بیداتەوە، دیسان لە بەرانبەر نەدانی ئەو پارەیە، دەکەونە ژێر چاودێریی پۆلیس (ابراهیمی، ١٣٩٣- ٢٠١٤:

١٢٨)، هەرچەندە هەژار لە یاداشتەکانی و لە سەرچاوەکانی تر سەبارەت، بەو برە پارەی باڵوێزی سووری کە بڕیار بووە بیدەنەوە، ڕوونکردنەوەی پێویستیان نەداوە، لەسەر چۆنیەتیی دانەوەی و چارەسەرکردنی کێشەکە.

بەڵام باڵوێزی سووری خەرجیی مانەوەیان، لە ئوتێل و گەڕانەوەیان، لەسەر (ڕەوشەن خان) ئەژمار و تۆمارکردووە، بۆیە ئەویش بە ناچاری، پارەکەی داوەتەوە بە حکومەت (بەدرخان، ٢٠٢٠: دیمانەی توێژەر). هەروەها (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) پێیوایە، یەکێک لە ئامانجەکانی تری، هەژار و (زەبیحی) لە شام ئەگەر گەیشتبان بە سۆڤیەت، دوای تەواوبوونی، ڤیستیڤاڵەکە، لەلای (مستەفا بارزانی) دەمانەوە، بەرنامە و پلانی نوێیان، لەسەر چۆنیەتیی خەبات لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد دادەڕشت (ڕەسوڵ، ٢٠٠٥: ٢٤٤)، دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی، ڕێگیرکردن لێیان، لەلایەن کۆمۆنیستەکان بۆ ڤیستیڤاڵەکە، ئەوە بوو لەلایەن بەشێک، لە نیشتیمانپەروەرانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، کاردانەوەی نەرێنییان، پێشانی سەرانی کۆمۆنیستی سوریا داوە، ستایشی هەڵوێست و هەوڵ و ماندووبوونی هەژاریان کردووە (هەژار، ٢٠١٨: ٢٤٢)، هەژاریش پڕوپاگەندە و هۆنراوەی دژی کۆمۆنیستەکان و حزبی شیوعیی سوریا نووسیوە و (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٤٤)، وای کردووە، بیرۆکەی چەپی زیاتر بۆ ڕوونبێتەوە، خۆشی دانی پێدادەنێت، بە تایبەت دوای ئەو دوو سەردانەی ئەوروپا و لە نزیکەوە ژیان و گوزەرانی خەڵکانی ئەو وڵاتانەی بە چاوی خۆی بینیوە، هەروەها هەڵسوکەوتی کۆمۆنیستەکانی عێراق و سوریا، لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایە، وایکردووە گۆڕانکاریی زیاتر لە ڕووی هزر و بیر و بۆچوونەوە لای دروستبکەن، بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی لەسەری دابنێن و بچێتە خانەی دژایەتیی کۆمۆنیستەوە (هەژار، ٢٠١٨: ٢٦٦)، هەژار لە سەرەتادا پێیوابووە، کەوا سۆڤیەت فریادڕەسی کوردستانن و ئەوانن دەتوانن کیانێک بۆ کوردستان دروستبکەن، بەڵام کە لە سەردەمی

شۆڕشی ئەیلول، سۆڤیەت هاوکاریی حکومەتی عێراقی کردووە، دژی شۆڕشی کوردی هەژاریش هەڵوێستی پێچەوانە بۆتەوە، بە نووسینەکانی دژی سۆڤیەت وەستاوەتەوە (هەژار، ٢٠٠١: ١٩)، هەر بۆیە هەژار بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەی بە بنەما گرتبوو، لە پیاهەڵدانی وڵاتانی زلهێز، یاخود دژایەتیکردنیان (ڕەمەزان، ٢٠٢١: دیمانەی توێژەر). ئەو ماوەیەی لە سوریا بووە، گرنگی بەلایەنی سیاسی و وشیاریی نەتەوەیی و زمانی کوردی دەدا(حاجۆ، ٢٠٠٧: ٦٥-٦٦).

دوای مانەوەی سێ ساڵ لە سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەژار دەگەڕێتەوە عێراق (عەسکەری، ٢٠١١: ١٦١)، ئەمەش دوای ئەوە ڕوویدا کە ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا و لەجێگەی ئەو، بە سەرۆکایەتی (عبدالكريم قاسم ١٩١٤-١٩٦٣)، کە سەرۆکی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازی سوپای عێراق بوو، ڕژێمی کۆماری ڕاگەیاند (عەلەویی، ٢٠١١: ٨)، ئەم ڕوداوە هەژاری زۆر خۆشحاڵ کردووە، لەم ڕۆژەدا بەشداری لەو ئاهەنگەدا کردووە، کە بەم بۆنەوەیەوە، لە دیمەشق سازکراوە، لەبەر ئەوە لە ٢٤ی تەموزی هەمان ساڵ هەژار (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٤٨)، لەگەڵ خێزانەکەی لەڕێگای موسڵەوە دێنەوە بەغدا، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی (نوری ئەحمەد تەها)، پێشوازی لێکردوون، دواتر (جەلال بێتوشی) کۆنە هاوبەشی ستۆدیۆکەی هاوکاریی کردووە، خانوێکی لە گەڕەکی باردویە بۆ بەکرێ گرتووە، کە نزیک بووە لە کارەکەی و لە دوکانی ستۆدیۆیەکە دەستی بەکار کردەوە، (هەژار، ٢٠١٨: ٢٥٠-٢٥١)، شوێنی ببووە جێگای یەکتر بینینی کۆمەڵێک، لە کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان، بە جیاوازیی بیروڕای سیاسیانەوە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٥٠)، بەهۆی ئەم شۆڕشەوە، جۆرە لە ئازادی و دیموکراسییەک، لە عێراق سەریهەڵدابوو، (قاسم) خاوەن بیرۆکەی نیشتمانی بوو، بە گشتی لەسەر ئاستی عێراق(دزەیی، ٢٠٠٩: ١٠٣)، ئەمەش وایکردووە، نیشتیمانپەروەران و چین و توێژەکانی

کۆمەڵگای عێراقی سەردانی بکەن، هەژاریش یەکێک بووە لەوانە، هەر لە ساڵی ١٩٥٨، بە مەبەستی پیرۆزبایی، لە (عبدالکریم قاسم) شاندێکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، کە (جەلال تاڵەبانی)، سەرۆکایەتی کردووە، سەردانیان کردووە، لە بەغدا، کە هەریەک لە هەژار و (زەبیحی)یش ئەندامی شاندەکە بوونە، ئەوان بە ناوی کوردانی سوریا پیرۆزباییان لێکردووە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٣٠٧). لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەژار، سەرقاڵی دابینکردنی بژێویی ژیانی ڕۆژانەی بووە، بۆخۆی و خێزانەکەی، ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەردەوام بووە، لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانیەکەی.

بە گەڕانەوەی هەژار لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بۆ بەغدا گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەو پێی نایە قۆناغێکی نوێیەوە، لە ڕووی سیاسی و لایەنی ئابووری و بژێویی ژیانی باشتر بووە، بە شێوەیەکی ڕوونتر و باشتر، توانیویەتی بیر و بۆچوونەکانی دەرببڕێت، ئەویش بەهۆی ئەو جۆرە ئازادییەی لە عێراق هاتبووە ئاراوە، لەلایەکی ترەوە، بە گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی)، لە یەکێتیی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٥٨، بۆ بەغدا پرسیاری هەژار دەکات و بەدوایدا دەنێرێت، دوای یەکتربینیان، هەژار پەیمانی پێداوە، کە یاوەری بێت، ڕۆڵی خۆی زیاتر بگێڕێت لە هاوکێشە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان. دواتر بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کرد و یەکێک بوو، لە نزیکترین کەسانی ئەو (فندی،٢٠٠١: ١)، ئەو ماوەیەی (بارزانی) لە بەغدا بووە، هەژار زۆربەی کاتەکانی، لای ئەو ماوەتەوە و پەیوەندییان خۆش و زۆر نزیک بوون لێکەوە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٥٢)، هەژار دەستی کردووە بە کار و چالاکیی سیاسی لە بەغدا، هاوکاریی پارتی کردووە، وەک خۆی ئاماژەی پیکردووە "بە تەواوی کارم دەگەڵ پارتی دەکرد" (هەژار، ٢٠١٨: ٢٦٦).

لەگەڵ ئەوەشدا هەژار بێ کەم و کوڕی نەبووە، کۆمەڵێک لە سەرچاوەکان ڕەخنەیان لە کەسایەتی و بەرهەکانی گرتووە، لێرەدا تەنها ئەوانە دەخەینەڕوو، کە پەیوەندیان بەم بەشەوە هەیە، ئەوی تر لە بەشەکەی تری سیاسی و ڕۆشنبیری و لەسەر بەرهەمەکانی تیشکی خراوەتەسەر. سەرەڕای ماوەی چەند ساڵێک بەیەوەکەوە، کاری سیاسییان ئەنجامداوە (ئیبراهیم ئەحمەد) لە چاوپێکەتنێکدا، گلەیی لێکردووە دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٨ لە بەغدا لە کارئاسانی و خزمەتیان کردووە، کەسێکی بەئەمەک نەبووە و دواتریش لەڕێگای نووسینەکانی دژایەتی کردوون دواتر لە ناوەڕاستی شەستەکان ئەگەرچی لە ڕووی کاتبەندییەوە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەدا نییە (کەریمی، ٢٠٠٥: ٢٧٩-٢٨٠)، ئەم نووسینانە لە بەشەکانی تر تیشکی خراوەتەسەر.

سەرەڕای ئەوەی زۆر دۆست بوون بەیەکەوە (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، خوێندنەوەی وایە لەدوای لەسێدارەدانی (قازی) لە کۆماری کوردستان، هەژار هەڵوێستی لە نووسینەکانیدا، وەک پێویست نەبوو بەرانبەری، ئەوکاتەی لە سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان پەیوەندی و هاتوچۆیان بەیەکەوە هەبووە، خوێندنەوەی وایە کە هەژار بەناهەق باسی کۆمەڵێک کەسایەتیی نیشتمانپەروەری لای ئەو کردووە، کە سەرەڕای ئەوەی لای خۆیان حەواندۆتەوە، وەک بنەماڵەی (حاجۆ ئاغا هیڤرکی)، کە گوایە ساڵێک برنجیان نەداوەتێ (عەبدولواحید، ٢٠١٧: ٤٣-٤٧). هەروەها کوڕەکەی خۆی، بە ناوی (شێرکۆ) لە پەرتووکەکەی، ڕەخنەی لێگرتووە و باسی کەموکوڕییەکانی دەکات، کە لە بەغدا هەژار کاری بەدڕەوشتی، لەگەڵ ئافرەتی تر کردووە (هەژار،٢٠٠٨بەرگی١: ٧٣-٧٤)، بەڵام ئەمە زیاتر بۆ کێشەی خێزانیی خۆیان و جیاوازیی ئینتیمای سیاسییان دەگەڕێتەوە، کە دواتر بیروڕای جیاواز لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە کەوتە نێوانیان، کەرتبوونی باڵی مەکتەبی سیاسیی پدک کە هەریەکەیان بەلای لایەکدا ساغ بوونەوە. بەهۆی ئەو دابڕانەی کە لەنێوانیاندا

ڕوویداوە، هەژار وەک پێویست نەیتوانیوە، هەست و سۆزی منداڵەکانی بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

هەروەها ناوبراو هەستی نەتەوەیی لە باوکیەوە فێر بووە، بەڵام تێڕوانیان لە یەکتر جیاواز بووە، بۆ هاوکێشە سیاسییەکان، ئاساییە دوو ئەدیب دۆست، بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەبێت، نەک وەک کوڕ و باوک (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١: ١٩٤)، لەم بارەیەوە (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) خوێندنەوەی وایە کە (شێرکۆ) ناهەقی و بێڕێزی بەرانبەر باوکی کردووە، کە ئەوە ڕەوشتێکی باش نییە. هەروەها کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) ڕای وایە (شێرکۆ) "شتێکی زۆر خراپ"ی بەرانبەر باوکی ئەنجامداوە، ئەو نەیاری ئەو بابەتەیە (کاردۆ، ٢٠١١: ١٢٤).

وەک پێویست نەبووە، لە بەرانبەر ئەو کەسانەی هاوکارییان کردووە، لەوانە (لەتیف کوڕی شێخ مەحمود)، بەخراپە باسی بەشێک لە کەسایەتییە سیاسییە شیوعییەکانی عێراقی کردووە، لەوانە (حەمید عوسمان)، (کەریم، ٢٠٠١: ٤٠)، ئەمەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ساڵانی دواتر کە ئەوکاتە شیوعییەکان لەگەڵ حکومەتی (قاسم)دا بوون، دژی شۆڕشی ئەیلول، تاوەکو هاتنی بەعسییە حەرەس قەومییەکان لە ساڵی ١٩٦٣، هەروەها لە کوردستانیش کوردە شیوعییەکان، کێشە و ململانێیان لەگەڵ پارتی کردووە، زیاتر لەوەش لە سەرەتای حەفتاکان، شیوعییەکان چوونە پاڵ بەرەی نیشتیمانیی بەعسی بە فیتی سۆڤیەت.

لەلایەکی ترەوە تاڕادەیەک بەپێی دۆستایەتی و خۆشەویستی یاخود نەگونجان بەیەکەوە، باسی کەسایەتییەکانی کردووە لە نووسینەوەی یاداشتەکانی لە کتێبی چێشتی مجێور(زراری، ٢٠١٩: ٨٧-٨٨)، و بە شێوەیەکی نەشیا و بە سیخوڕ، ناوی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ڕوناکبیری کوردی بردووە (سەلیمی، ١٣٧٧-١٩٩٨: ١٥).

## ئەنجام

- سەرەڕای کاریگەرییە ئەرێنییەکانی دەوروبەری کە لەسەر هەژار بووە، بە تایبەت لە قۆناغی لاوێتیدا، بەڵام خۆشی هەوڵی زۆریداوە و پشتی بە تواناکانی خۆی بەستووە، تا سەرئەنجام زاڵ بووە بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، سەرکەوتووبووە و بۆتە خاوەن ئەزموون.

- هەژار موکریانی شارەزایی و لێهاتویی هەبووە، لە ئەندامە لە پێشینە و دیارەکانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە، سیاسییەکانی گەلی کورد بوو، لەم بارەیەوە چەندین، ئەرکی گرنگی پێ سپێردراوە و بەهۆی دڵسۆزی و خاوەن ئەزموونی زۆر، نوێنەری کۆمار و تایبەتی (پێشەوا قازی) بووە، بۆ دانوساندنەکان لەگەڵ ئێران.

- هەژار کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بوو، هەڵگری فکرە و ئایدیای نەتەوەیی بوو، ئەو سنوورانەی بڕی کە عێراق، ئێران و سوریا کێشاویانە، لە هەر شوێنێک پێویستی بە ئەو بووبێ، بێ جیاوازی ئەنجامیداوە.

- هەرچەندە ڕۆیشتنی بە زۆری لە زێدی خۆی، توشی چەرمەسەرییەکی زۆری کردۆتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، گەڕانی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، عێراق و سوریا وەک گەڕیدەیەک، توانیویەتی شارەزایی زیاتر بێت، خوێندنەوەی بۆ هاوکێشە سیاسییەکان باشتر بێت، بۆتە هاوکارێک بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز، دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەم گەڕیدەیە نەبوایە، هەژار کەسایەتییەکی دیار و هەمەلایەنی وەک ئێستای لێدەرنەدەچوو.

- لە گەشتی بۆ ئەوروپا، هاندەر بووە، بۆ ئەوەی زیاتر، لە سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتانی سوسیالیستی، ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شارەزابێت، لە

ئەنجامی خوێندنەوە و قوڵبوونەوەیەکی زۆر بۆ مارکسیەت، ئەمەش کاریگەری لەسەر بیر و باوەڕی دروستکردووە، وای کردووە چیتر، بانگەشە بۆ کۆمۆنیست نەکات.

- مەعسومە خانمی هاوسەری یارمەتیدەرێکی باشی ئەو بووە، کە ئەرکی پەروەردەکردن و بەشێک لە دابینکردنی بژێویی منداڵەکانی لەسەرشانی بووە، ئەمەش هاوکار بووە، کە هەژار زیاتر بتوانێ سەرقاڵی ئەرکە سیاسییەکانی بێ.

- خوێندنەوەی دروستی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کردووە، جگە لە لایەنە سیاسییەکەی، کۆمەڵایەتییەکەشی فەرامۆش نەکردووە، ئەمەش وای کردووە، سەرنجی دەوروبەری بە نەیارەکانیشەوە، بۆ خۆی ڕابکێشێت.

## پەراوێز

١- شەرەفکەندی ناوێکی لێکدراوە، کە پشتگیری شەرەفکەندی بۆ عەبدوڕەحمان زیادکراوە، بۆ ناوی ئەو گوندە دەگەڕێتەوە، کە باوکی بە منداڵی لێی ژیاوە، دەکەوێتە دەوروبەری شارۆچکەی بۆکان. هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی چوارەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر – ٢٠٠١)٢٢٢.

٢- هەژار موکریانی دەڵێت ئەم ناوەم بۆ خۆم هەڵبژارد، کە بە مانای "بێچارە و نەبوو" دێت. (قانون جلد سوم- چاپ هشتم چاپخانەی سروش – انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران ساڵی ١٣٨٩-٢٠١٠)٨.

٣ – لە سەرەتادا موکری بۆ ناوچە و زمان و هۆزیش بەکارهاتووە. مکریان و مکری، یاخود، موغریان و پاشان وشەکە بۆتە موکریان، ئێستا

به ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراو دەڵێن، ئەمڕۆ بەشێکی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کوردستان و باشوور و باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، دەگرێتەوە، کە بە کوردستانی باکوور (شمال) ناسراوە، کە سەنتەرەکەی شاری مەهابادە، شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەریشی دەگرێتەوە. سعید، د. خضری جوگرافیای کوردستانی موکریان، وەرگێڕانی ئاسۆ عبدالرحمن(چاپی یەکەم جاپخانەی سایە- سلێمانی ٢٠١٠)١٦-٢٣

٤- سابڵاغ: لە ڕابردوودا"ساوجبڵاغ"، دواتر"سوق بڵاغ"، یان "ساوجبڵاغی" موکریان پێگوتووە، پاشان بووە بە"سابڵاغ" لە سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەوی ناوی ئەم شارەش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، لە ئێستادا "مەهاباد" لە ڕووی جوگرافیاوە، لە باشوورەوە لەگەڵ سەردەشت و بەشێک لە شاری بۆکان، لە باکوورەوە لەگەڵ شارەکانی میاندوا و نەغەدە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ بەشێک لە بۆکان و لە ڕۆژئاواش، لەگەڵ شارۆچکەی خانێ هاوسنوورە. لە دێر زەمانەوە، مرۆڤی لێ ژیاوە، مەڵبەندی سیاسی و ئەدەبیی کوردییە. وەتمانی و خەلیفە، هەرمان، زانکۆ، فەرهەنگی ئاوایی یەکانی مەهاباد(چاپی یەکەم چاپخانەی ناسح ٢٠١١)٢.

٥- موحەمەد صادق شەرەفکەندی: ناسراوە بە سەعید، لە ساڵی ١٩٣٨، لە گوندی تەرەغەی سەربە شارۆچکەی بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لەژێر سەرپەرشتیی هەژار موکریانی پەروەردە بووە، لە تاران لسانسی وەگرتووە لە ساڵی ١٩٧٦ لە فەرەنسا، لە ساڵی ١٩٧٩، بووە بە ئەندامی، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٥، بۆتە جێگری سکرتێری گشتی و پاشان سکرتێر، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢، لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا، لە لایەن پیاوانی ئێران، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر تیرۆرکراوە. شەرەفی، سمایل، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی (چاپی یەکەم ٢٠٠٦ (ب-ش.چ)١١١-١١٦.

٦- کاکە زیاد موحەمەد ئاغا غەفوری: لە کۆیە لەدایکبووە، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦، یەکێک بووە لە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاری هەبووە، لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣، بەشێوەی کرداری زیاتر ڕۆڵی خۆی بینیوە، تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، دواتر لە ١٢ی نیسانی ١٩٩١، لە شارۆچکەی خانێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە. عەونی، فەرهاد، لەگەڵ ڕووداوەکان (چاپی یەکەم چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ٢٠١٩)٣٤-٣٥.

٧- عەلی حەیدەر سلێمان: ١٩٠٥-١٩٩١، لە ڕەواندوزی سەربە هەولێر لەدایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، لە ساڵی ١٩٤٨، کراوە بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی عێراق، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە، ساڵی ١٩٤٩، کراوە بە وەزیری گەیاندن، ساڵی ١٩٥٤، بووە بە وەزیری ئابووری، لە ساڵی ١٩٥٧، سەفیری عێراق بووە لە بۆن، لە ساڵی ١٩٥٩، باڵوێز بووە، لە واشنتن، لە ساڵی ١٩٦٨، خانەنیشین کراوە، لە ساڵی ١٩٩١، لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بابان، جمال، اعلام کرد العراق (چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٦)٥٢١-٥٢٢.

٨- مەلا ئەحمەدی فەوزی یان مەلای سولێمانی: یەکێکە لە گەورە کەسانی کوردستان، زانایەکی گەورە بووە. فەوزی لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی عەبابەیلێی شارەزوور بووە، لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید ئاوارەی موکریان و لە گوندی تاجی کەند دەژیا، بە بیری کوردایەتی لاوانی پەروەردەی دەکردن، یەک لەوانە هێمنی شاعیر بووە، کاریگەریشی لەسەر هەژار هەبووە، بەرەنگاری پیلانەکانی (ڕەزا شا) بۆتەوە، هەرچەندە ساڵی لەدایکبوونی دیارنییە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣، لە گوندی حاجی کەند کۆچی دوایی کرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. حەبیب، وریا، دیوانی هێمن موکریانی، (چاپ وپەخشی چوار چرا- سلێمانی، چاپی یەکەم بەهاری ٢٧٠٨- ٢٠٠٨) ٣٠-٣٢. ؛ هەژار، چێشتی مجێور ٢٠١٨: ٣٥.

٩- حەمە ڕەشید خان کوڕی قادر خان کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی بارامی کوڕی سلێمان بەگی بانەیە، لە ساڵی ١٨٩٨، لە گوندی شوێ گوێزانی ناوچەی پێنجوین، لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٢٥، دژی ڕژێمی شا ڕاپەڕیوە، لە ساڵی ١٩٣٠، حکومەتی عێراقی، حەمە ڕەشیدی دوورخستۆتەوە بۆ موسڵ، لە ساڵی ١٩٣١، بۆ ئامێدی، لە تەموزی ١٩٣٣، ئازادکراوە، لە جەنگی جیهانی دووەم، حەمە خان، دەست بەسەر بانە، سەقز و سەردەشت دادەگریت، لە ساڵی ١٩٤٦، بەشداری لە کۆماری کوردستان کردووە، لە ساڵی ١٩٦١، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە، ١٩٧٤ کۆچی دوایی دەکات. ئەنوەر، کەیوان ئازاد، حەمە ڕەشید خانی بانە (چاپخانەی بەدرخان ٢٠٠١) ٣٩-٢٥٣.

١٠- سەلاحەدین موهتەدی: ساڵی ١٩٣٨، لە بۆکان لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٦١، لە زانکۆی تاران ڕێکخراوی خوێندکاری کوردی پێکهێناوە، پەیوەندی بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەکات، دواتر پەڕیوەی باشووری کوردستان دەبێت و لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلولدا دەبێت، هەڵگری بڕوانامەی یاساییە، وەکو کەسایەتییەکی سیاسی و ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە. بایزیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان وەک نمونە(١٩٣٥-١٩٩١)، (ب-ش.چ ٢٠٢٠)٢٠٤.

١١- پەیماننامەی پۆرتسمۆس: لە١٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٨، لە نێوان عێراق و بەریتانیادا، لە بەندەری پۆرتسمۆس واژۆکراوە،  ئەمەش بە ئامانجی بەدەستهێنانی جیاوکێکی زۆر بوو بۆ بەریتانیا، لەبواری سەربازی لە هەر کاتێکدا بێت، بۆی هەیە خاکی عێراق بەکاربینێت، هەروەها بۆ ماوەی بیست ساڵ عێراق بوو بە بنکەیەکی بەریتانی، لە زۆر بواری ژیانی سیاسی کار و باری سوپای دابووە دەست دەسەڵاتدارانی ئینگلیز. حەمەدئەمین، ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق(چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٠)١٥٠-١٥١.

١٢- شکور مستەفا ناسراوە بە مەلا شکور: لە ساڵی ١٩٢٦، لە  گوندی مامەشەی کەرکوک لەدایکبووە، وانەی مەلایەتی خوێندووە، زمانەکانی عەرەبی

– فارسی و تورکی زانیوە، لە ساڵی ١٩٥٥، کۆلێژی شەریعەی ئیمام ئەعزەمی تەواوکردووە، مامۆستای عەرەبی بووە، لە ١٩٧٥، بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد، خاوەن چەندین بەرهەمە، لە ساڵی ٢٠٠٤، کۆچی دوایی کردووە. جاف، خوسرەو، مەحموود دەوڵەت ئابادی و ئەو خەڵکە، خوسرە و جاف و ئەم خەڵکە (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠٢٠)٢٣١-٣٤٧.

١٣- حاجی ئاغا هڤیرکی: لە بنەڕەتدا خەڵکی باکووری کوردستانن، پاشان لە سنووری شارۆچکەی قامیشلی نیشتەجێبوون، شوێنی داڵدەدانی نیشتیمانپەروەرانی کوردستان بووە، نەک هەر کوردەکان، بەڵکو عەرەبەکانیش ڕێزیان لێدەگرن. حاجۆ، هوزنی، تێ بیرا من(چاپی یەکەم، چاپخانەی باریڤ ماتبا چیلیک- ئەستنبوڵ ٢٠٠٧)١٦-٢٠

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان


- بازیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان وەک نمونە(١٩٣٥-١٩٩١)، نامەی ماستەر کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین (ب-ش.چ ٢٠٢٠).

- بەدرەدین، سەڵاح، چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی نەتەوەیی هەژار موکریانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، (ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).

- بەرزنجی، سەباح، لایەنە بەرجەستەکانی کەسایەتی هەژار، هەژار لە سنە، ئامادەکردنی نامق هەورامی، (چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠١١).

- تۆڤی، موسەددق، گۆڤارا رۆناهی، ڤەکۆلینەک دیرۆکی، رەوشەنبیری (چاپی یەکەم – چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ – هەولێر – ٢٠٠٥).

- حوسێن، هیمدادی، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧ نامەی دکتۆرا کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی(سلێمانی ٢٠٠٢).

- حەکیم زادە، فەریدون، هەژار لە لوتکەدا، بەرهەمی ژیان وتێکۆشانی ئەدەبی سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار (مەهاباد، بڵاڤۆکی ڕاژە، چاپی یەکەم ٢٠٢١).

- حەکیم زادە، فەرەیدون، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا، ئامادەکردنی زامدار ئەحمەد، (چاپی یەکەم – لە ژێر چاپدایە – ٢٠٢١).
- خالید، بارزانی مەلا، هەژارێکی دەوڵەمەند وەکو پێشمەرگە... وەکو شاعیر، ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەوێزی – کەریم سۆفی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).
- خانێ، مورسەڵ، ئامادەی کردووە، کۆشکی بلورینی هەژار موکریانی، (خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی سۆران – ٢٠١٤).
- خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی حەوتەم(دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی دووەم- هەولێر ٢٠١٠).
- خەیاڵی، لوقمان، ئێران لەسەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا ١٩٢٦-١٩٧٩(چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ ٢٠١٩).
- دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، ئامادەکردنی سەلاح ڕەشید (چاپی چوارهەم بەشی یەکەم- ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان سلێمانی ٢٠١٩).
- ڕەسوڵ، عزەدین مستەفا، هەژار و وەرگێڕان ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەوێزی – کەریم سۆفی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥)

- سابلاغی، میرزا هاشمی، گێڕانەوەی بیرەوەری ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەوێزی – کەریم سۆفی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).

- ساعدی، بێژەن، حەقیقەتی مێژوو دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە (چاپی یەکەم، ب-ش.چ٢٠١٩).

- سامان، مەلا، هەڵەبجە گوڵستان ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد (چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی – هەلەبجە- ٢٠١٧).

- سەعید، هیوا عەزیز، خۆیبوون، هیوا، ژ.ک لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاریی(چاپخانەی یاد سلێمانی، شەقامی مەولەوی بازاڕی سۆز ٢٠٠٦).

- شڵماشی، موحەمەدی، خاپەرۆ (چاپی دووەم - چاپخانەی چوار چرا ٢٠١٧).

- عوسمان، قانع قادر، مێژووی ناودارانی کورد (چاپی یەکەم ب-ش.چ ٢٠١٩).

- عەبدولفەتاح، غەفور، گوڵزاری شاعیرانی کورد(چاپی یەکەم- چاپخانەی چوار چرا – سلێمانی ٢٠١٨).

- عەبدوڵلاهی، کەماڵ، سێبەری ئازادی، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ. کاف ١٣٢٤-١٣٢١(چاپخانەی شڤان- سلێمانی ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین ٢٠٠٨).

- عەسکەری، خالید، هەژار لە سنە، وەرگێڕانی قانوونی ئەبو عەلی سینا، ئامادەکردنی نامق هەورامی، (چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠١١).

- عەلی یار، ناسر، - بۆکان لە سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی ڕا هەتا وەرگێڕانی قورئان، هەژار لە سنە، ئامادەکردنی نامق هەورامی، (چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠١١).

- عەلی، کاروان عوسمان، ئاڵەکۆک و هەندێ شیعری بڵاونەکراوەی هەژار موکریانی (چاپی یەکەم – لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما – سلێمانی- ٢٠٠٩).

- فندی، ڕەشید، گەشبوونا شعرا نەتەوەیی ل نک (هەژار موکریانی) شاعردا، ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەوێزی – کەریم سۆفی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).

- فەرشی، برایم، مێژووی زیندوو، وتوێژ لەگەڵ کەسایەتی سیاسی غەنی بلوریان، سەدەی کارەسات (چاپی دووەم – ئەڵمانیا ٢٠١٨).

- قادر، سەرۆ، هەژاری موکریانی وەک ڕۆشنبیرێکی خاوەن هەڵوێستی سیاسی، ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەوێزی – کەریم سۆفی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).

- قادری، موحەمەد ساڵح، عەمەر خانی شکاک لە سەرهەڵدانی سمکۆوە تا کۆماری کوردستان(١٩٠٦-١٩٤٦) گۆڕینی لە کرمانجیەوە بۆ سۆرانی شەهاب خالیدی( چاپی یەکەم چاپخانەی ستانبول- ٢٠٢١)

- قازی، ڕەحیمی، بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی موحەمەد ۱۹٤۱- ۱۹٤۷( چاپخانەی دەزگای ئاراس چاپی یەکەم - هەولێر ۲۰۱۲).

- قاسملو، د٠عەبدولڕەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(چاپی سێیەم www, pdki.org ۲۰۰۰).

- قزڵجی، موحسین، ئامادەیکردووە. حەسەن قزڵجی، چیرۆکنووس، ڕەخنەگر، زمانەوان، وەرگێڕ- چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ۲۰۱۷).

- کاکەیی، فەلەکەدین، کۆبەرهەم هەولێر، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، چاپی یەکەم ۲۰۱۵).

- کاکەیی، فەلەکەدین، هەژار لە سنە، ئامادەکردنی نامق هەورامی، (چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ۲۰۱۱).

- کەریم، عەبدولخالید سابیر، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەمعیەت و حزبە کوردیەکان ۱۹۱۹- ۱۹٤٥ لیکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین (چاپخانەی کەمال- بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی – گردی ئەندازیاران ساڵی ۲۰۱۳).

- کەریمی، عەلی ژیان وبەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما دیدار لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی، (چاپی دووەم چاپخانەی کاربین ۲۰۰٥).

- کەریمی، عەلی ژیان وبەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما دیدار لەگەڵ عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، (چاپی دووەم چاپخانەی کاربین ٢٠٠٥).

- کەریمی، عەلی گۆڤاری نیشتیمان زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف، کۆیکردۆتەوە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین (چاپخانەی شڤان-سلێمانی ٢٠٠٨).

- کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما، وتوو وێژی نامەیی، لەگەڵ ، سەلاحەدین موهتەدی (چاپی دووەم چاپخانەی کاربین ٢٠٠٥).

- کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما، وتوو وێژ لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد (چاپی دووەم چاپخانەی کاربین ٢٠٠٥).

- گورژی، حوسێن، ڕەخنە لەسەر کۆنگرەی سنەو ناساندنی بلیمەتەکان (چاپی یەکەم - چاپخانەی مەهاباد ١٣٧٩- ٢٠٠٠).

- گەوهەری، حامید، قازی موحەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان(چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەلێر، ٢٠١٧).

- گەوهەری، حامید، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٤).

- گەوهەری، حامید، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠١٥).

- مستەفا، شکور، مام هەژاری موکریانی پاشکۆی پەڕتوکی بارزانی(چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر ١٩٩٨).

- موکریانی، هەژاری، سەربردەی ژیان و ون لەبەرهەمی ویدا، چاپی یەکەم ٢٠١٢ چاپخانەی ئاراس- هەولێر).

- مێهفەر، لوقمان ئامادەی کردووە، خەبات لە پێناو ئازادیدا، مستەفا هیجری، (چاپی یەکەم ب-ش.چ ٢٠١١).

- هەڕوتی، د. سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (١٨٨٠-١٩٣٩ز) بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان(چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر٢٠٠٧).

- هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی چوارەم –

- هەژار، شێرکۆ، هەژاری مرۆڤ ودەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک ( خۆی چاپی کردووە بەرگی یەکەم ٢٠١٨).

- وریا، قادر، کوردایەتی و نیشتمان پەرستی، کاکڵە و مەبەستی سەرەکی خزمەتە جۆرا و جۆرەکانی مامۆستا هەژاری نەمر، ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی شەماڵ حەوێزی – کەریم سۆفی، چاپی یەکەم بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).

- ئامێدیان، فەخرەدین، ژیلەمۆ (چاپخانەی نشرانا – سنە شەقامی شوهەدا، چاپی یەکەم ١٣٩١).

- ئەحمەدیان، موحەمەد، هەژار و ئاین، هەژار لە سنە، ئامادەکردنی نامق هەورامی، (چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠١١).

- ئەنوەر، کەیوان ئازاد، حەمە ڕەشید خانی بانە (چاپخانەی بەدرخان ٢٠٠١).

- ئەیوبزادە، ئەیوب، لە ژێکافەوە بۆ کۆمار، مێژوو نوسی حیزبی لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا (چاپخانەی ڕۆژ- هەولێر- چاپی یەکەم ٢٠١٤).

- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر – ٢٠٠١).

- حەبیب، وریا، دیوانی هێمن موکریانی، (چاپ وپەخشی چوار چرا- سلێمانی، چاپی یەکەم بەهاری ٢٧٠٨- ٢٠٠٨).

- حەکیم زادە، فەرەیدون، زەبیحی ڕووناکبیرێکی گۆڕ غەریب(مەهاباد، بلاڤۆکی ڕاژە، چاپی یەکەم ٢٠٢١).

- کاردۆ، هەیاس، ئەزمونی خەبات ئاوڕێک لە ژیان وخەباتی عەبدوڵلا حەسەن زادە، وتوێژی هەیاس کاردۆ (چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەلات/ هەولێر ٢٠١١).

- کاردۆ، هەیاس، ئەزمونی خەبات ئاوڕێک لە ژیان وخەباتی عەبدوڵلا حەسەن زادە، وتویژ (چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر ٢٠١١).

- گادانی، جەلیل، پەنجا ساڵ خەبات کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(بەرگی یەکەم چاپی دووەم چاپخانەی خانی – دهۆک ٢٠٠٨).

- گادانی، جەلیل، پەنجا ساڵ خەبات کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران( بەرگی یەکەم چاپی دووەم چاپخانەی خانی – دهۆک ٢٠٠٨).

- گەوهەری، حامید، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- هەولێر چاپی یەکەم ٢٠١٥).

- هەژار، چێشتی مجێور، (چاپخانەی سنە، ٢٠١٨).

- هەژار، شێرکۆ، هەژاری مرۆڤ ودەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک ( خۆی چاپی کردووە بەرگی یەکەم ٢٠٠٨).

## وەرگێڕدراوەکان بۆسەر زمانی کوردی

- بورزوویی، موجتەبا، بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕانی لە فارسیەوە نازناز موحەمەد عەبدولقادر، یوسف خزر چوپان، سۆران عەلیپور(چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٥).

- جونیۆر، ولیام ئیگلتۆن، حکومەتی میللی کوردستان مەهاباد ١٩٤٦، وەرگێڕانی سەید مەحەمەد سەمەدی(چاپخانەی شڤان سلێمانی ٢٠١٢).

- جەلیل، جەلیلی، لازاریف، م.س و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د٠ عەبدی حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی بەهادین جەلال مستەفا(چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ٢٠١٥).

- دێشنەر، دکتۆر گوینتەر، کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، گۆڕینی لە ئەڵمانیەوە بۆ عەرەبی – عەبدولسەلام بەرواری، گۆڕینی بۆ کوردی حەمە کەریم عارف(چاپیەکەم چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر٢٠٠٤).

- عەلەوی، حەسەن، عەبدولکریم قاسم تێڕوانین پاش بیست ساڵ، وەگێڕانی بۆ کوردی کاوانی ئەنوەر مەسیفی(چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب- هەولێر ٢٠١١).

- قازی، خەلیلی فەتاحی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕ و ئامادەکار حەسەنی قازی(دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر چاپی یەکەم ٢٠٠٩).

- ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ئازاد عوبێد ساڵح (چاپخانەی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٤).

- زراری، سەنگەر، هونەری ژیاننامە شێوازەکانی نوسینەوەی: بیروەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی(چاپی یەکەم ٢٠١٩)٨٧-٨٨.

- -عبدالرحمن، هەژار، بەسەرچڵی ژینامەی هەژاری وەرگێڕ، شەرەفنامەی شەرفخانی بەدلیسی (چاپخانەی جەواهیری تاران، چاپی دووەم- ١٩٨١).

## یاداشت و بیرەوەری

- بلوریان، غەنی، ئاڵەکۆک کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری(چاپخانە Farattares Bakmaskin 1997 ستۆکهۆڵم ١٩٩٧).

- بەدرخان، حەمید ئەبوبەکر ، ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەریەکانی هەڵدەداتەوە، (چاپخانەی هێڤی – هەولێر چاپی یەکەم ٢٠١٤).

- پشدەری، عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ، یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان(چاپی دووەم چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر ٢٠٠٩).

- حیسامی، کەریم، لە بیرەوەریەکانم بەرگی – یەکەم ٢٠١٨ ب-ش.چ).

- حیسامی، هێدی خالد ئاغای، ئاوێنە شکا و یان بیرەوەری هێدی(چاپخانەی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٤).

- دزەیی، موحسین، وێستگەکانی ژیانم، بەشی یەکەم، تاریق ئیبراهیم شەریف بەعەرەبی گفتوگۆیەکەی سازداوە، ئیسماعیل بەرزنجی کردوویەتی بە کوردی( دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٩).

- ساڵح، صدیق، بیرەوەریەکانی موحەمەد شاپەسەندی، (چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان – سلێمانی ٢٠٠٧).

- کەریم، غەفوری میرزا، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا (ب–ش.چ سلێمانی ٢٠٠١).

- کەریم، غەفوری میرزا، سەرەتاڵێ لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم(چاپی یەکەم چاپخانەی ئۆڤێستی بێسارانی- سلێمانی ۱۹۹۸).

- نوری، موحەمەدی، شەوێک و خەوێک بستووی ژیان، (چاپخانەی شڤان- سلێمانی لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین ۲۰۰٦).

- ئاغجەلەری، مەلا نووری " نوری عەبدوڵڵا صالح" بیرەوەریەکانم لەنێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی سدیق ساڵح( چاپخانەیی شڤان- سلێمانی۲۰۰۹).

- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ۱۹۷۵-۱۹۷۵(ب-ش.چ ۱۹۹۷).

**پەڕتوک بە زمانی عەرەبی**

- درويش، عبدالحميد، أضواء على الحركة الكردية فى سوريا(أحداث فترة ١٩٥٦-١٩٨٣) (الطبعة الثالثة مطبعة كمال - السليمانية ٢٠١٣).

**پەرتوک بە زمانی فارسیی**

- ابراهیمی، شیرین، شرح آثار واحوال استاد عبدالرحمان شرفکەندی هژار( چاپ اول- سنندج - شمیم سنندج ۱۳۹۳- ۲۰۱٤).

- مرادی، محمد رئوف، زندگی نامه وخدمات علمی وفرهنگی استاد عبدالرحمن شرفکندی (چاپخانەی دالاهو تهران – چاپ اول ۱۳۸۵-۲۰۰٦).

-

**یاداشت و بیرەوەری بەزمانی عەرەبی**

- هڤیرکی، جمیل حاجو، مذکرات جمیل حاجو هڤیرکی. تقدیم و مراجعة آ. د. عبدالفتاح بوتاني – علي صالح المیرانی و فرهاد جمیل حاجو هڤیرکی (الطبعة الاولی مطبعة جامعة دهوك ٢٠١٢).

**فەرهەنگ و ئینسکۆپیدیا**

- کوردستانی، ئارام ئیسماعیل، ئینسکلۆپیدیای گۆڤەند، چاپی یەکەم کۆمەڵگای ئەحمەدی خانی سۆران ٢٠١٨).
- وەتمانی و خەلیفە، هەرمان، زانکۆ، فەرهەنگی ئاوایی یەکانی مەهاباد(چاپی یەکەم چاپخانەی ناسح ٢٠١١).

**گۆڤارەکان**

- ڕۆژبەیانی، جەمیل، یادی فیردەوسیی کورد هەژاری موکریانی ڕۆڤار ژمارە"٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣).
- زەنگەنە، عەبدوڵڵا و ساڵح، سدیق و ئەوانی تر گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، بەشی دووەم، ساغکردنەوە، لە بڵاوکرانەوەکانی بنکەی ژین (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر٢٠١٨).
- سابیر، رەفیق، ئەرشیفی کوردۆلۆجی چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ هێمنی شاعیردا، "٢ گۆڤاری کوردۆلۆجی مەڵبەندی کوردۆلۆجی (سلێمانی ٢٠٠٩).
- سەرداری، حسامەدین، کورتەیەک لە ژیانی دادوەر موحەمەد سەعید کانی مارانی"١٥ گۆڤاری دادپەروەر (٢١ی حوزەیرانی٢٠١٠).

- فندی، ڕەشید، پەیڤاکا وەفادارییَ بۆ گیانی هەژار موکریانی"٧٢ گۆڤارا پەیمانا ئەدەب و هونەری (٢٨ی شوباتی ٢٠٠١).

- فەلاح، حەمە ڕەحیم، " جووتیار" چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە کۆمەڵەی ژێ کاف "١١ روانگە گۆڤارێکی فرهنگی، اجتماعی، سیاسی(ساڵی سێهەم رەزبەری ١٣٨١- ٢٠٠٣).

- گەرمیانی، هەوراز، لە مەڕ ژیان و بەسەرهاتی هەژار، ڕۆڤار" ٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣).

- مازوچی، سەعدون چاوپێکەوتن لەگەڵ زەینەب شەرەفکەندی، هەژار هەموو ژیانی لەسەر کورد دانا، "٨٤ وشە هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتی یە(٤ی ئاداری٢٠١٥).

- مام جەلال، ناوی نەهێنی بۆ نوسیەنەکان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان(پیرۆت)، لەگەڵ شاعیری گەورەمان لە تورە بوونە ڕەواکەیدا، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا زەنگەنە گۆڤاری ڕۆڤار ژمارە" ٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣).

- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، هەڤپەیڤین ئامادەکردنی ئازاد عەبدولواحید"٢٤٥ ڕامان مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە(٢٠١٧/١٠/٥).

- سەلیمی، هاشم، وردبونەوەیەک لەسەر کتێبی چێشتی مجێور " ٣٩- ٤٠ گۆڤاری ئاوێنە (١٣٧٧- ١٩٩٨).

- عەبدوڵڵا، حەیدەر، دیدار لە بارەی وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز هەژار موکریانی، ئامادەکردنی زامدار ئەحمەد"٢ وانەرگۆڤارێکی ئەدەبیی

وەرزییە کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت دەری دەکات(چاپخانەی کارۆ- ٢٠٢١).

- عەبدولواحید، ئازاد، هەڤپەیڤین لەگەڵ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ "٢٤٥ ڕامان (٥ی تشرینی یەکەمی٢٠١٧).

## گۆڤار بە زمانی فارسی

- ئەحمەدی، مەعسوم، خاطراتی از همسرم، شرفکندی، مجله اصحاب انقلاب، لە ژێر ناوی هەژارانە (نشانی تهران – بهار ١٣٧٠).

- موکریانی، هێمن، هەژار هێمنەکەی جاران مجله اصحاب انقلاب، لە ژێر ناوی هەژارانە (نشانی تهران – بهار ١٣٧٠- ١٩٩١).

## ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی

- خۆشناو، مەهدی، درود لەگەورەیی زانای کورد هەژاری موکریانی" ٢١٦١ - ڕۆژنامەی برایەتی (٢٤ی ئازاری١٩٩٦).

- ساڵح و ساڵح، ڕەفیق، سدیق، ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٤-١٣٢٥-١٩٤٦ پرۆژەی هاوبەش بنکەی ژین و دەزگای ئاراس( دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر چاپی یەکەم ٢٠٠٧).

- شارەزا، کەریم، لاپەڕەیەکی شاردراوە لە ژیانی شاعیری کورد هەژاری موکریانی" ١٨٧٩ ، ڕۆژنامەی برایەتی (٢١ی شوباتی١٩٩٤).

- شارەزا، کەریم، لە یادی کۆچی دوایی شاعیری نیشتیمان پەروەر و زمان زان و وەرگێڕ و مێژوو نوسی کورد هەژار" ٢٠٦٤ ڕۆژنامەی خەبات(٢١ی شوباتی ٢٠٠٦).

- شارەزا، کەریم، لەیادی کۆچی دوایی خزمەتگوزاری کورددا" ١٦٥، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر (١٨ی شوباتی٢٠٠٠).

- شارەزا، کەریم، هەژار و کورد" ١٤/ ٢٢٧٧ڕۆژنامەی برایەتی، پاشکۆی برایەتی(٢٠ی شوباتی١٩٩٧).

- عەباس، عەبدوڵڵا یوسف و وەیس، جەلیل کاکە. دیدار لەگەڵ سەعید ناکام لە هەژاری شاعیر دەدوێتژمارە " ٢٢٧٧/١٤ - ڕۆژنامەی برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر (٢٠ی شوباتی١٩٩٧).

- کەریم، مستەفا ساڵح، چەپکێک سێ لانی لە ژیاننامەی هەژاردا" ١٨٧٩ ، ڕۆژنامەی برایەتی (٢١ی شوباتی١٩٩٤).

- مەولود، موحەمەد خدر، لەبیرەوەری دوو ساڵەی کۆچی دوایی نوسەری ناوداری کورد هەژار موکریانی" ١٣" ڕۆژنامەی هەرێم (٢٥ی شوباتی١٩٩٣).

- هێور، حەسەنی دانیشفەڕ، ملوانلە فرمێسکێک بۆ (هەژار) یکی دەوڵەمەند ژمارە "١٦٥" برایەتی ئەدەب و هونەر(١٨ی شوباتی٢٠٠٠).

- یاسین، کارزان، ئەمرۆ لە مێژوودا ، کۆچی دوایی مامۆستا هەژاری موکریانی ڕۆژنامەی هەولێر – ژمارە " ١٥٦٣ لە ٢١ی شوباتی٢٠١٣).

- ئەسپیندارەیی، نەجات، لە یادی حەوتەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی هەژار موکریانیدا ژمارە" ٢٥٣١ ڕۆژنامەی برایەتی( ٢٢ی شوباتی١٩٩٨).

- شارەزا، کەریم، لە چوارەمین ساڵیادی هەژاری شاعیر و زانا و مێژوو نوسدا ژمارە " ١٧١١ڕۆژنامەی خەبات- ئەدەب و هونەر(١٧ی شوباتی ٢٠٠٥).

## دیدارە کەسیەکان

- بەدرخان، سینەم خانم جەلادەت، خانەنشین، دیمانەی تایبەتی توێژەر (٢٣ی کانونی یەکەم٢٠٢٠) هەولێر.

- حەسەن زادە، عەبدوڵڵا، دیمانەی تایبەتی توێژەر، سکرتێری پێشوتری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)، و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٩ی ئەیلولی٢٠٢١).

- ڕەمەزان، ناصح غەفور، خانەنشینی پەرلەمانتاری کوردستان، دیمانەی تایبەتی توێژەر(٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١) هەولێر.

- گەوهەری، حامید، نوسەر و لێکۆڵەر، کەسایەتی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیمانەی تایبەتی توێژەر، بەڕێگای پەیوەندی تەکنیکی مۆبایل (١٢ی تشرینی دووەمی٢٠٢١) وڵاتی سوید.

## بەڵگەنامە


- سازمان اسناد ملی ایران، بخش اسناد تاریخی. تهران. لە ٢٠٢١/٧/٢٨. بەدەست توێژەر گەیشتوە.

- سازمان اسناد ملی ایران، بخش اسناد تاریخی. تهران. لە ٢٠٢١/٧/٢٨. بەدەست توێژەر گەیشتوە.

**الملخص**

(عبدالرحمن شرفكندى – هزار موكريانى ١٩٢١-١٩٩١) واحد من الشخصيات السياســة والثقافية في التاريخ الكوردي المعاصر، الذى له دور بارز وفعال، في الحركة التحريرية للشعب الكوردي ظهر في بداية سنوات الاربعينيات، في القرن الماضي على الساحة السياسية والثقافية في شرقي كوردستان، حيث العضو البارز في الجماعة والمؤسسات الكوردية المشهورة كحزب التحرير الكوردستانى ١٩٣٨، وجماعة (ژ.ک) ١٩٤٢، وفي سنة ١٩٤٦، كان ممثلال (قاضى محمد) في المفاوضات مع الحكومة الايرانية، وبعد انهيار جمهورية الكوردستان في مهاباد ١٩٤٧، عبر الى جنوب كوردستان والعراق حيث مكث هناک. وفي سنة ١٩٥٣، مع كل العقبات امامة، ان يشارک في مهرجان الشبيبة المقامة في رومانيا، وبسبب ملاحقته من قبل الشرطة العراقية حيث شردوه الى غربي كوردستان، وهناک له دور فعال في وعي القومي وتشكيل الحزب الديمقراطى الكوردستاني في سوريا، وبعد ثورة ١٤ تموز سنة ١٩٥٨ رجع الى العراق، استمر في نضاله مع الحزب، وبعد نكسة ثورة ايلول سنة ١٩٧٥، رجع الى ايران حيث مسقط راسة وتوفى هناک.

## Abstract

AbdulRahman Sharafkandi-Hajar Mukriani 1921-1991, one of the political and intellectual figures in contemporary Kurdish history, had a significant role in the Kurdish people's liberation movement, Appeared on the political and intellectual arenas of East Kurdistan in the early 1940s. A prominenet member of Kurdish associations and organizations such as the Kurdistan Freedom Party 1938, Zhe-Kaf Association 1942, in 1946 he was the representative of Qazi Mohammad to negotiate with Iran. After the fall of the Republic of Kurdistan in 1947, came to southern Kurdistan and Iraq, in 1953 participated in World Youth Festival in Romania, due to the pressure of the Iraqi police, fled to western Kurdistan, played a major role in national awareness and the formation of the PDK in Syria. After 14 July Revolution in 1958, He returned to Iraq, continued struggle alongside PDK. After the collapse of Aylul revolution in 1975, returned to Iran and passed away.